# کۆمەڵە
# وتاری
# ژینگەیی



سەروەر قەرەداغی

2018

مـرۆڤـه ڕۆح ســـەوزە سروشـت پارێزەکان، بۆ ژیانی درەختێك ماتەم دەگـێـڕن، بۆ کوشتنی سەگێك شیوەن دەگێڕن، ئەی پێمنالێن چۆن دەتوانن، بیر لە تاوان بکەنەوە؟ ماوتانە، زۆرتان ماوە، ئاشنای ڕۆحە سەوزەکانی ئەم نیشتیمانە بن. ئێوە لەجیاتی نوشتانەوە بۆ بۆنکردنی گوڵ، ژیان لە گوڵ وەردەگـرنـەوە. ئێمە فێری خۆشەویستی گوڵتان دەکەین، ژیـان بەگوڵ دەبەخشین، وا دەکەین گوڵەکان بەجوانی و گەشی و بۆنخۆشی بمێننەوە. ئایا لە فەرهەنگی ئێوەدا ژیان بەخشین بەگوڵ تاوانە؟ ئەگەر بەخشینی ژیان بەگوڵ تاوانە، ئەوا دانی پێدادەنێم تاوانبارم!





Cover Design: Harem Osman

سەروەر قەرەداغی

# کۆمەڵە وتاری ژینگەیی

کوردستان/ ٢٠١٨

## ناسنامەی کتێب


ناوی کتێب: کۆمەڵە وتاری ژینگەیی.

بابەت: ژینگە.

ناوی نوسەر: سەروەر قەرەداغی.

تایپ: نوسەر.

بەرگ: هەرێم عوسمان.

نۆبەتی چاپ: یەکەم.

ساڵی چاپ: ٢٠١٨.

تیراژ: ١٠٠٠ دانە.


پەیوەندی: sarwarqaradaxi93@gmail.com

جێ بەجێکار: ڕێکخراوی سروشتی کوردستان.

پێشکەشە بە:

باوك و دایكم لەبەرئەوەی هاوكار و پاڵپشتی هەمیشەیم بوون.. بەتایبەت باوكم
كە گەورەترین مامۆستای ژیانم بووە

ڕۆحی نەمری شەهیدانی ژینگە
شەهیدحەمەنوری و شەهید محمد ڕەشید

پارێزەرانی ژینگە و ژینگەپارێزانی كوردستان

سەرجەم مرۆڤ دۆستە، ژیان دۆستەكان

| ژ | پێڕست | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکی | ٣ |
| ٢ | شیوەنی من شیوەنی لە دەستدانی دو کارگەی گەورەی هەوایە! | ٤ |
| ٣ | پێویستە ژینگە، لە لیژنەی تەندروستی جیابکرێتەوە | ٦ |
| ٤ | درەختی وەن مەترسی لەناوچوونی لەسەرە | ٨ |
| ٥ | بەمەتر یان بەکیلۆ، دار بۆفرۆشتن | ١٠ |
| ٦ | با پارێزەری ژینگەبین، نەك دزی ژینگە | ١٣ |
| ٧ | سروشتێکی جوان و ژینگەیەکی نالەبار | ١٥ |
| ٨ | گواستنەوەی نەوت و کاریگەری لەسەر ژینگە | ١٨ |
| ٩ | توشبوون بەنەخۆشی ژێرپەنجە لە دەربەندیخان | ٢١ |
| ١٠ | پۆلیسی دارستان و ژینگە، لە نێوان ئەرك و خۆدزینەوەدا | ٢٤ |
| ١١ | دانانی پێوەری میکانیکی ئاو پێویستە؟ | ٢٦ |
| ١٢ | دارا داری نەدی، درەختی دی | ٢٨ |
| ١٣ | کیسەی نایلۆن، هەڕەشەیەکی مەترسیدار | ٣١ |
| ١٤ | دڵی سروشت بپارێزە | ٣٤ |
| ١٥ | مرۆڤێك لەگەڵ ئاگر شەڕی دەکرد | ٣٧ |
| ١٦ | تیرۆری سەوز، مەترسیدارتین تیرۆر | ٣٩ |
| ١٧ | سەرەتای کاری ڕێکخراوەیی ژینگەیی، لە باشوری کوردستان | ٤١ |
| ١٨ | ڕێکخراوەژینگەییەکانی گەرمیان و سەرەتای دروست بوونیان | ٤٤ |
| ١٩ | بەکارهێنانی پاسکیل لە نێوان حەز و عەیبەدا | ٤٦ |
| ٢٠ | دیاریکردنی ڕەنگ و هێمای ژینگە | ٤٨ |

| | | |
|---|---|---|
| ۲۱ | سەروەر یاسایە، یاسا سەروەر نیە | ٥٠ |
| ۲۲ | نامەی یەکەم لە زیندانەوە | ٥٥ |
| ۲۳ | نامەی دوهەم لە زیندانەوە | ٥٨ |
| ۲٤ | نامەی سێیەم لە زیندانەوە | ٦١ |
| ۲٥ | نامەی چوارەم لە زیندانەوە | ٦٤ |
| ۲٦ | ژینگە و یاسا | ٦٧ |
| ۲۷ | پەرلەمان هیچە و حکومەتیش پوچ | ٧١ |
| ۲۸ | شۆڕشی سپی، لە چی قۆناغێکدایە؟ | ٧٥ |

پێشەکی.... هەنگاوە گەورەکان لەهەنگاوێکی بچوکەوە دەست پێدەکا. چەندین ڕێگا هەیە، بۆ پاراستنی ژینگە، پێویستە هەر یەك لە ئێمە، یەکێك لەو ڕێگانە، یان کۆی ڕێگاکان بگرێتەبەر، بۆ پاراستنی هەسارەکەمان. یەکێك لەو ڕێگانە، نوسینە. سەرەڕای سەرقاڵیم، بەکاری ڕێکخراوەیی ژینگەیی، هەوڵمداوە، کاتێك بۆ خوێندنەوەی بابەتەژینگەییەکان و نوسینی ژینگەیی تەرخان بکەم. چونکە باوەڕم وایە، بۆ وشیار کردنەوەی کۆمەڵگە، گرتنەبەری یەك ڕێگا بەس نیە، بەڵکوم پێویستە سەرجەم ڕێگاکان بگرینەبەر.

ئەوبابەتانەی لە چوارچێوەی ئەم بلاْوکراوەدا، لە بەردەستی تۆی خوێنەردایە، لە زۆر بەی ڕۆژنامە و گۆڤار و سایت و تۆڕەکۆمەلاْیەتیەکان بلاْوبوەتەوە. لە سەر پێشنیاری هاوڕێیانم لە ڕێکخراوی سروشتی کوردستان، بە باشمزانی لەچوارچێوەی کتێبێکدا، کۆیان بکەمەوە و بەچاپی بگەیەنم. بەهۆی نەبونی کاتی تەواو، نەمتوانی کۆی بابەتەکانم کۆبکەمەوە و بیانخەمە خزمەتی ئێوەی خوێنەر. ئەم هەوڵەم دوهەم هەوڵە لەدوای نوسینی کتێبی(ژینگە و ڕێکخراوە ژینگەییەکانی باشوری کوردستان١٩٩١بۆ٢٠١٥). هەردو هەوڵەکەم، بەمەبەستی ئاشناکردنی خوێنەری کورد بووە، بۆئەو هەولاْنەی دراون، بۆ پاراستنی ژینگە. مەبەستێکی ترم ئاشناکردنی خوێنەرە، بەکێشەژینگەییەکانی باشوری کوردستان و تێگەیاندنیان، کەچی مەترسیەك لەسەر داهاتومان هەیە. ئامانجی سەرەکیم وشیارکردنەوەی کۆمەڵگەیە، لە پێناوپاراستن وگەشەپێدانی ژینگە و ژیان.

سەروەرقەرەداغی- پارێزەری ژینگە ٢٠١٨/٥/١٥

شیوەنی من شیوەنی لە دەستدانی دو کارگەی گەورەی هەوایە!

ماڵئاوا ئەی درەختە زوڵم لێکراوەکانی شار، ماڵئاوا ئەی ئەودرەختانەی، ساڵانێك خزمەتتان بە مرۆڤایەتی کرد. ماڵئاوا ئەی ئەو درەختانەی، هەموومان دەزانین، شایەنی بڕینەوە نەبون.

نەدەبو پارچە پارچەبکرێن و بدرێنەدەستی ئەوکاسەنەی، ڕێزیان لە بوونتان نەگرت، نەدەبووپارچەکانتان بدرێنە دەستی ئەو کەسانەی، مەرگیان بە نسیب کردن، نەدەبوو لە مەراسیمی ماڵئاوایی کردنتان مرۆڤە بێ شەرمەکان بەژداربن! بەڵێ ئێوە شایەنی ڕێزبوون نەك مەرگ.

نیگەران مەبن چوونکە تائێستاش دۆستانێکتان هەن خاوەنی وەفا و ڕێزن بەرامبەرتان، چاوەڕێکەن تا نامەی یەکێك لە دۆستەکانتان بۆ بخوێنمەوە، کەپێش نانی نیوەڕۆ بۆتانی نوسیبوو:"لەناخەوە دڵتەنگ و غەمبارم بەبیستنی نەمانی دو کارگەی گەورەی هەواپاککەرەوە، بۆ تەندروستی مرۆڤەکان، لە ناوەندی شارەکەم، کەعەیامێکە ژینگەکەمان دەپارێزن، هەوای پاکمان بەبێ بەرامبەر بۆ بەرهەم دەهێنن، دەبێ ئێمەش ئەوەندە خاوەنی وەفابین بەرامبەرتان، شێوە ئینجانە، بۆ هەمیشە، گوڵ لە قەدی درەختەکان بدەین" لە مەراسیمەکەتاندا ئێوە غەمبار و عاجزبوون، منداڵێکی دۆستان بەنیگەرانیەوە وتی: "هەرکات ئێوە ببڕنەوە من دونەمام، لە شوێنەکانتان دەچێنم! دەزانم بیستنی ئەم وشانە برینەکانتان سارێژ ناکا، چونکە بێ وەفایمان، لە سنور دەرچوە بەرامبەرتان.

پێویستە نیگەران نەبن، چونکە تائێستا دۆستانێکت هەن، ئاستی ڕۆشنبیریان زیاترە، لە ناحەزەکانتان کەبڕیاریان لەسەر بە پایزبونتاندا. بەڵێن بێ بەپشتیوانی دۆستەکانتان ڕوبەڕوی گشت ناحەزەکانتان ببینەوە، نەهێڵێن غەدر لە دەستە خوشکەکانتان بکەن و بەدڵێکی ڕەقەوە لەناوتان ببەن. تکایە ئەی درەختە ئاڵتونیەکانی شاربمانبورن، نەمانتوانی بەژیانمان، پارێزگاری لەبونتان بکەین.

ئەم وتارە، تایبە بە مەرگی دو درەخت نوسراوە، کەلە ناوەندی شارۆچکەی دەربەندیخان، بڕییانەوە، بەپاساوی فراوانکردنی شەقامێك. هەرچەندە نەمانتوانی، ڕێگری لە بڕینەوەی درەختەکان بکەین، بەڵام حکومەتی خۆجێیمان، ناچارکرد مۆڵەتی ژینگەیی وەربگرن و لەبەرامبەر هەر دو درەختەکەدا، (٥٠)نەمام بڕوێنن. لە ڕۆژی بڕینەوەی درەختەکانیش، لەساڵی(٢٠١٣) مەراسیمی ماڵئاوایی کردنمان بۆ درەختەکان ڕێکخست، پارچەی درەختەکانمان بەخشی بە دۆستانی ژینگە. ئەم مەراسیمەش بۆ یەکەمجار بووە لەسەر ئاستی عێراق ئەنجام بدرێت.

لە سایتی پێنوسەکان بلاّوبوەتەوە.
www.penusakan.com

پێویستە ژینگە، لە لیژنەی تەندروستی جیابکرێتەوە

لە کۆبونەوەی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستان، ئەندامانی لیژنەهەمیشەییەکانی، خولی چوارەمی پەرلەمان، دەنگیان لەسەردرا، ئەو لیژنانەی دەنگی لەسەردرا، بریتین لە لیژنەکانی(پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتیەکان، داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەت، ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی، دارایی و کاروباری ئابوری و وەبەرهێنان، وەرزش ولاوان، ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان، کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەکان، پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان، ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر، ئەوقاف و کاروباری ئاینی، مافەکانی مرۆڤ، ئاسەوار و خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت وگوزار، کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی، ناوچەکوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، کاروباری پەرلەمان، پەیوەندییەکان و کاروباری ڕەوەندی کوردستان، بازرگانی و پاراستنی مافەکانی بەکاربەر، کاروباری یاسایی، دەستپاکی و نەزاهەت، کاروباری تەندروستی و ژینگە). ئەم لیژنەهەمیشەییانە، لە خولێکەوە بۆ خولێکی تری پەرلەمان دەگۆڕێت. لەم خولەی پەرلەمان، لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە، وەك لیژنەیەکی نەگۆڕ مایەوە. لە کابینەی نوێی حکومەت، بڕیارە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە بکرێ، بە وەزارەتی ژینگە. تەندروستیش وەزارەتی تایبەت بەخۆی هەیە، لە حکومەتدا دو ئیدارەی سەربەخۆن.

لە خولەکاتی پێشوی پەرلەمان، لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە، یەکێك بووە لە لیژنە، نا چالاکەکانی پەرلەمان. هێندەی بایەخی بەبواری تەندروستی داوە، نیو هێندە بایەخی بە بواری ژینگەنەداوە. هێندەی بە دواداچونی بۆ کەیسەکانی تەندروستی کردووە، نیو هێندە بە دواداچونی بۆ کەیسەکانی ژینگە نەکردووە. هێندەی لەسەر تەندروستی لێدوان و هەڵوێستیان هەبووە، نیو هێندە بۆ ژینگە هەڵوێست و کاریگەرییان نەبووە.

بەپێی ڕیزبەندی بوارەکان، ژینگە لەپێش تەندروستیەوەیە. ئاو و و هەوا و خاك بپارێزە، تەندروستیت پارێزراو دەبێ. بەپێچەوانەشەوە، ژینگە پیس بکە و بیشێوێنە، تەندروستیت خراپ دەبێ. کێشەی ئەم پەرلەمانتارانە ئەوەیە، لەم ڕیزبەندییە تێناگەن.

ژینگە بوارێکی سەربەخۆ و هەستیارە، کاری ورد و کاتی زۆری دەوێ. بۆیەپێویستە لیژنەی ژینگە و تەندروستی بکرێن بە دوو لیژنەی سەربەخۆ، بەپێی پسپۆڕی و شارەزایی، کارەکانیان دابەش بکرێ. لەپێناو ڕەخساندنی کات و دەرفەتی زیاتر بۆ چاودێری کردنی کەیسەکانی ژینگە. بۆ بەدواداچونی کارەکانی حکومەت و فەرمانگەکانی ژینگە. پێویستە ڕێکخراوەکان و پارێزەرانی ژینگە، کاربکەن بۆدروستکردنی فشار، لەسەر پەرلەمانتار و سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان. بەمەبەستی جیاکردنەوەی ژینگە لە لیژنەی تەندروستی.

لە سایتی پێنوسەکان بلاۆبوەتەوە، لە(١٠/٥/٢٠١٤).
http://www.penusakan.com/rangala/22362-2014-05-09-21-31-18.html

درەختی وەن مەترسی لەناوچوونی لەسەرە

کاری بنێشت کردن لە ناوچەشاخاوییەکان و درەختستانەکانی باشوری کوردستان، بەتایبەت لەناوچەشاخاوییەکانی بناری بەمۆ زیانێکی گەورەی بە سروشت و درەختی جۆری وەن(قەزوان)گەیاندووە، ئەمەش بەهۆی بەردەوامی کارکردن لە هەموو ساڵێکدا و بڕینی زۆر لەسەر جەستەی درەختەکان و خزمەت نەکردنەوەی لە دوای ئەنجامدانی کارەکە، کارکردنی بەردەوام وشك بوونی درەختەکانی لێ دەکەوێتەوە، بەهۆی وشك بوونی درەختەکانیش درەختی هاوشێوە لە جۆری وەن(قەزوان)بەرەو لەناوچوون دەچێت، ڕامالێنی خاك دروست دەکا و گەرم بوونی ژینگەیش ڕودەدا، جگە لەوەی بەهۆی کارکردنیشەوە، ئاگر کەوتنەوە ڕوودەدا، بەهۆی ئەوئاگرەوە، درەختە بچوکەکان و پوش و پاوان و باڵندە و زیندەواران دەسوتێن و لەناودەچن. ساڵانەش هیچ قەرەبوویەکی ژینگەیی ناوچەکەناکرێتەوە، داهاتەکەشی دەچێتە باخەڵی چەند کەسێکی دیاریکراوی ناوچەکە. لەڕێگەی چەند خاڵێکەوە بەچەند هەنگاوێك چارەسەرکردنی کێشەکە دەخەمە ڕوو:

١- کاری بنێشت کردن لە ناوچەشاخاویی و درەختستانیەکانی باشوری کوردستان، بۆماوەی زیاترلە(٥)ساڵ ڕابگیرێت، بەبێ هیچ مەرجێك.
٢- یاسا یان ڕێنمایی تایبەت بەکاری بنێشت دەربکرێت، لە پێناو ڕێکخستنی، بەشێوەیەك، لە قازانجی سروشتدابێت.
٣- ڕێگەنەدرێت دوساڵ یان سێ ساڵ، بەسەریەکەوە درەختی(قەزوان) بریندار بکرێت، بەڵکوم بەپێی یاسا ڕێك بخرێت، کەلەسێ ساڵ کەمتر نەبێت.

٤- هەڵکۆڵینی درەختەکان بەشێوەیەك بێ، کەمترین بڕین بکەوێتە سەرجەستەی درەختەکە.

٥- پێویستە پەین و خۆراکی پێویست بەکار بهێنرێت بۆ ئەودرەختانەی کە بنێشی لێ دەکرێت، بۆ ئەوەی لەمەترسی لەناوچوون بپارێزرێت.

٦- چاندنەوەی درەختی هاوشێوە، لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان بەشێوەی هەڵمەت.

٧- پێویستە داهاتەکەی رێکبخرێت، وەك قەرەبوویەك دابنرێت بۆ ژینگەی دەڤەرەکە.

٨- تەواوی ئەم کارانەش لەژێر چاودێری لایەنی پەیوەندیداردابێت.

لەڕێگەی ئەم چارەسەرە، پێشنیارکراوانەوە، دەتوانین هەنگاوی گەورەبنێین بۆ پاراستنی سروشت و ژینگەی کوردستان، بەتایبەت بۆپاراستنی درەختی وەن(قەزوان) کەلەئێستادا مەترسی لەناو چوونی لەسەرە.

لەلایەن تۆڕی رێکخراوە ژینگەییەکانی گەرمیانەوە،کەلەو ساڵەدا من سەرۆکایەتیم دەکرد، گردبونەوەیەکمان لە ناحیەی مەیدان رێکخست، لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا، دەقی ئەم وتارەم،خوێندەوە. دوای بلاوبونەوەی لە میدیا و ئاراستەکردنی بۆ بەرپرسانی حکومەت، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بۆیەکەمجار کاری بنێشتکردنی بە یاسا رێکخست. ئەم کارەش لە ژێر فشار و رۆشنای دەقی وتارەکەی ئێمەدا بو، کە سودی تەویان لێ وەرگرتبو. ناکرێ رۆڵی هاورێی کۆچکردومان کاك(هەژار غازی) و کاك (حسین رەحیم)لە وەزارەتی ناوبراو، لەبەرچاو نەگرین، کەپاڵشتێکی تەواو بون بۆ دەرکردنی ئەو رێنماییە.
لە گۆڤاری رێچکە بلاوبوەتەوە ژمارە(٤٠) سێ شەمە، لە(٢٠١٤/٩/٩).

بەمەتر یان بەکیلۆ، دار بۆفرۆشتن!

لە باشوری کوردستان کەسانێك هەن،خاوەنی کێڵگەی بەرهەم هێنانی نەمام و درەختن، بۆ ماوەی چەندین ساڵ خزمەتی دەکەن تا گەشەدەکا و گەورە دەبێ، دواتر دەیبڕنەوە، دار و تەختە یان خەڵوزی لێ بەرهەم دەهێنن، دواتر دەیخەنە بازاڕەوە، ئەم کارەش بەپێی یاسا ڕێکخراوە، ئەوکەسانەی مۆڵەتیان هەیە، ڕێگەپێدراون ئەم کارە ئەنجام بدەن، بەڵام کەسانێکی تر هەن، لە ناو شار و شارۆچکەکاندا نەمام دەچێنن و خزمەتی دەکەن، تا دەبێ بەدرەخت و دواتر درەختەکان دەبڕنەوە و دەیکەن بەدار! بەپاساوی ئەوەی درەختەکە جوان نیە، گەڵا دەوەرێنێ، دیوار دەڕوخێنێ، مەترسی بۆ ئاوی ژێرزەوی دروست دەکات! وەراندنی گەڵا و جوانی و ناشرینی درەختەکان گرنگن؟ یان پاراستنی ژیانی مرۆڤ و زیندەوەرەکان؟ لە کاتێك هیچ درەختێك ناشرین نیە و هەموو درەختەکان جوان و بەسودن. لەوڵاتانی دۆستی ژینگە، گەڵای درەختەکان وەك پەین بەکار دەهێنرێت، لە لق و گەڵاکانی، شێوەی هونەری لێ دروست دەکرێ.

بڕینەوە و لەناوبردنی درەختەکان، لەبەر ئەوهۆکارانەی سەرەوە، دژی یاساکانی ژینگەی کوردستانە. تەنانەت دژی مرۆڤایەتی و نەوەکانی داهاتووشمانە. تا ئەمڕۆ چەندین کەس بەهۆی بڕینەوەی درەختەوە، بەبێ مۆڵەت، ڕوبەڕووی دادگاکان کراونەتەوە. چونکە بەپێی یاسا، تەنها لە کاتێکدا دەتوانرێ درەخت ببڕدرێتەوە، کەدرەختەکە ڕێگربێ لە بەردەم کاروچالاکی کەس و دامەزراوەکان. بۆئەم مەبەستەش پێویستە مۆڵەت، لە فەرمانگەی ژینگەی پارێزگاکان وەربگرێ. بەشێکی زۆر لە هاوڵاتیان و تەنانەت دامەزراوە حکومی و ناحکومییەکان، ڕەچاوی یاسا و ڕێنماییە

ژینگەییەکان ناکەن، بەڵکوم ڕاستەوخۆ درەختەکان دەبڕنەوە. لە ئەمڕۆبێ یان لەئایندە دەبێ هەموومان لەو ڕاستیە تێبگەین، لەڕێگەی پارێزگاری کردن لە درەختێکەوە دەتوانین پارێزگاری لە ژینگە و ژیانی خۆمان و نەوەکانی داهاتوومان بکەین. ئەگەر درەختەکان نەپارێزین ئەوا بەژیانمان باجەکەی دەدەین، هەرگیز ناتوانین خۆمان لەم ڕاستیە بشارینەوە.

ئەم جۆرەلە بڕینەوەی درەخت، بەبێ ڕەچاوکردنی یاسا و ڕێنماییەکان، کەلە ناوەندی شار و شارۆچکەکان دەبینرێ، بووە بەهۆکارێك بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانی کەسانێك. ئەوکەسانەی کە ئەو درەختانە دەبڕنەوە، چاوەڕوانی هیچ بڕە پارەیەك ناکەن، ئامادەن بەبێ بەرامبەر دارەکە ببەخشن، بەهەر کەسێ، کەخواستی لەسەری هەیە.

کاتێك بەشەقامی گشتی دەربەندیخاندا تێپەڕ دەبی، مامەپیرەیەکی ڕیش سپی دەبینی، لەتەنیش عەرەبانەیەکەوە ڕاوەستاوە، لەسەر عەرەبانەکە دار دەبینی، دارەکان دانراون بۆ فرۆشتن، خۆئەگەر بڕۆیت و بڵێی مامەگیان کیلۆیەك دارم بدەرێ یان مەترێك دارم پێ بفرۆشە! ئەوا ڕەنگە بەدەستی بەتاڵ بگەڕێیتەوە، چونکە دار نەدەپێورێ، نەدەکێشرێ، ئەی مامە پیرە چۆن دارەکانی دەفرۆشێت؟ مامە پیرە لەسەر قەدی دارەکان نرخی دارەکانی نوسیوە، کەنرخی هەردارێك جیاوازە، نرخەکان لە(٥٠٠٠) دیناری عێراقییەوە دەست پێ دەکا، تا(١٢,٠٠٠)هەزاردیناری عێراقی. فرۆشتنی هەندێك داری تر، بەباوشە، کە بەبڕ پێت دەفرۆشێ، جگەلە بونی ئەو دارانەی کە لەسەر عەرەبانەکەن، لەماڵەوەش داری تری هەیە بۆ فرۆشتن، نرخی ئەوانیش جیاوازە. فرۆشتنی دارەکان، بژێوی ژیانی مامەپیرە و خێزانەکەی دابین دەکا،

ڕەنگە کەسە یاسا شکێنەکان و ناحەزەکانی ژینگە نەبن، مامە پیرە نەتوانیێ، بژێوی خێزانەکەی، بەئاسانی دابین بکا. چونکە بەهۆی کەسەیاسا شکێنەکانەوە، دارەکانی دەست دەکەویێ. بەدەستهێنانی ئەو یەك دو هەزار دینارە گرنگە؟ یان پاراستنی ژینگە و ژیانی خێزانی مامەپیرە و خێزانەکانی تری کۆمەڵگە؟

لە سایتی ژینگە بلاۆبوەتەوە، لە (١١/٦/٢٠١٤)
https://zhiant.blogspot.com/2014/11/blog-post.html

با پارێزەری ژینگەبین، نەك دزی ژینگە

هەندێك مرۆڤ هەن، بنەما ئەخلاقیەكانیان لە دەست داوە. ژینگە بەكار دەهێنن، بۆ داپۆشینی ڕوی ڕاستەقینەیان. مرۆڤ هەیە دۆڕاوە، دەیەوێ لە ژینگەوە، چارەسەری دۆڕانەكەی بكا. مرۆڤ هەیە، ژینگە بۆ گەڕانەوەی ئەخلاقی لەدەستچوی بەكاردەهێنێ. مرۆڤ هەیە، ژینگە بۆ پەیداكردنی، بژێوی ژیانی بەكاردەهێنێ. مرۆڤ هەیە، ژینگە بۆ پلە و پۆست بەكاردەهێنێ. مرۆڤیش هەیە دزی ژینگەیە.

دەبێ پارێزەرانی ژینگە، پاكترین و دڵسۆزترین مرۆڤ بن. پاراستنی ژینگە، پاراستنی ئەخلاقە. مرۆڤی ئەخلاق لە دەستچو، ناتوانێ، پارێزەری ژینگەبێ. ئەگەر لە دوێنێ ژینگەی وەك ماسكێك بەكارهێنابێ. ئەگەر لە دوێنێ ژینگەی بۆ سپیكردنەوەی، ڕوی ڕەشی بەكارهێنابێ. ئەوا ئەمڕۆ ماسكەكەی دەكەوێ. سبەینێش ڕوی ڕەشی دەردەكەوێ. كاری من وەك شایەتحاڵێك، تۆماركردنی ئەم مێژوە و گواستنەوەیەتی بۆ نەوەكانی داهاتو.

مخابن لە وڵاتی نێوان دو ڕوبار، هەمو شتێك دەدزرێ، بیرۆكە، ناو، لۆگۆ... بەڕاستی كارێكی زۆر شەرمنانە و ترسنۆكانەیە، بیرلە دزی كردن بكەیتەوە، بەتایبەت بیرلە دزینی ناوێكی ژینگەیی و لۆگۆیەكی ژینگەیی بكەیتەوە. نازانم بۆ دەبێ مرۆڤ، لەپێناو دەسەڵات ئەوەندە خۆی بچوك بكاتەوە؟! بەڕادەیەك بەهایی مرۆڤ بوونی بخاتە ژێرپرسیارەوە؟ تۆ بڵێی چی شتێك بەهای لە مرۆڤ زیاتربێ؟ تۆبڵێی چی شتێك،

هێندەی مرۆڤ بون بە بەهابێ؟ بەدڵنیاییەوە، بە بەهاترین شت بۆ مرۆڤ "مرۆڤ بوونی مرۆڤە."

هیچ کەس و شتێك ناتوانێ، یەك زەڕە لە بەهای مرۆڤ کەم بکاتەوە، جگەلە مرۆڤ خۆی نەبێ. هەندێك جار، ئەوەندە خۆی بچوك دەکاتەوە، شتێك بەناوی بەهایی مرۆڤایەتی ناهێڵێتەوە. وەك ئەوپیاوە بچوکەی، بەناوی دۆستی ژینگەوە، ناو و لۆگۆی تۆڕێکی ژینگەی کوردستانی دزی.

ئاخر پیاوی بچوك، هەم ناوی جوان زۆرە و هەم دروستکردنی لۆگۆش ئاسانە، بۆ دەبێ بیرلە دزی بکەیتەوە؟ خۆت بە دۆستی ژینگە دەزانی، کەچی دزی! بەڕاستی زۆر لە کارەکتەری ابرایم زەبۆك بچوکتری. ئەگەر ئێمەی خاوەنماڵیش لەبیرت بکەین، هەرگیز لەلایەن هاوڕێیانی تری ژینگەوە، لە بیرناکرێی. ئەگەر ئێمەی خاوەن ماڵیش لێت خۆشبین، ئەوا هەرگیز، دۆستانی تری ژینگە، لێت خۆش نابن. چونکە دزیت لەماڵێکی ژینگەیی کردووە. ماڵێك جگەلە ناو و لۆگۆکەی، سەدان شتی تری جوان و واتاداری هەیە،پێی دەناسرێتەوە. مخابن بەدەستی خۆت، مێژوویەکی ڕەشت بۆ خۆت و بەشێك لە هاوکارەکانت، تۆمار کرد. هەر چەندە ئەمە ڕونادا، بەلآم هیوام وایە، ئەم دزیە بۆت ببێتە، پاڵنەرێك کەپاڵنەری پاراستنی ژینگەی کوردستان بێ. نەك پاڵنەری تێکدان و شێواندنی ژینگە. نەك پاڵنەری خۆ دەوڵەمەندکردن و دزینی زیاتر.

لە سایتی پێنوسەکان بلاۆبوەتەوە.
www.penusakan.com

سروشتێکی جوان و ژینگەیەکی نالەبار

باشوری کوردستان وەك بەشێك لە عێراق، بەدەر نیە لەو کێشەژینگەییانە، ئەمڕۆ جیهان بەدەستیەوە دەناڵێنێ. شارۆچکەی دەربەندیخان وەك نمونەیەك، کێشە ژینگەییەکانی گەیشتووە بەئاستێك، مەترسی لە سەر ژیانی دانیشتوانەکەی دروست کردووە. بەهۆی پیسبوونی ڕەگەزە ژینگەییەکانی (ئاو و هەوا و خاك). بۆخستنەڕو و چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکان، چەندینجار کەسانی چالاك و ڕێکخراوەکانی بواری ژینگە و دانیشتوانی شارۆچکەکە، گردبونەوە و خۆپیشاندانی ژینگەییان ئەنجامداوە. بەلاّم کێشە ژینگەییەکان هەر وەك خۆیانن، پێشبینی دەکرێ کێشەکان گەورەتر و مەترسی پیس بوونیش زیاتربێ. لەکاتێکدا بەرپرسان کەمتەرخەمن، لە ئاست بەرپرسیارێتی ژینگەیی دەڤەرەکەدا نین. ماوەی چەندین ساڵە، نەیان توانیوە تەنها یەك کێشەی ژینگەی چارەسەر بکەن! لەسەرۆکی حکومەتەوە تا دەگاتە پارێزگار و قائیمقام، بەڵێنی ناڕاست و درۆیان داوە، بۆچارەسەرکردنی کێشەکان، بەلاّم کێشەکان هەر وەك خۆیانن. لە ڕێگەی ئەم چەند خاڵەی خوارەوە، تیشك دەخەمە سەر کێشە ژینگەییەکان.

کێشە ژینگەییەکانی شارۆچکەی دەربەندیخان:

١- ئاوی خواردنەوە و بەکارهێنان هیچ مەرجێکی تەندروستی تێدانیە و تام و بۆن و ڕەنگی گۆڕاوە، هەرئاوێکیش ئەوسێ ڕەگەزەی گۆڕا، بۆ بەکارهێنان دەست نادا، بەلاّم ئاوی تۆڕی گشتی دەربەندیخانو زۆر دەمێکە هەرسێ ڕەگەزەکەی لە دەست داوە، بەهیچ جۆرێك بۆ بەکارهێنان نابێ. ئەمەش

بەگەورەترین کێشەی ژینگەیی و مەترسیدارترین هەڕەشە بۆسەرتەندروستی دانیشتوانی دەربەندیخان هەژمار ئەکرێت.

٢- چەندین کارگەی گەچ و هاڕینی بەرد، دەوری شارۆچکەکەیان داوە، هەوای شارۆچکەکەیان بەتەواوی پیس کردووە، ئەمەش بەهەڕەشەی ژمارە(٢)دائەنرێت بۆسەر تەندروستی هاولاَتیان.

٣- ڕوبەری سەوزایی لە ناوەندی شارۆچکەکە زۆر کەمە، بەپێی ئەو ئامارانەی لەبەردەست دایە، ڕوبەری سەوزایی لە(٢٪)تێپەڕناکا. ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر کەمە، "بەپێی ستانداری جیهانی دەبێ لە (١٥٪)کەمتر نەبێت."

٤- کارکردنی بەردەوامی، ژمارەیەك کانی دەرهێنانی بەرد، لە ناو درەختستان و ناوچە شاخاوییەکان، بووە بەهۆکار بۆ لەناو بردنی، ڕوبەری سەوزایی، ڕامالَیی خاك، شێواندنی سیما و سروشتی جوانی ناوچەکە.

٥- نزیکەی(٨٥)کارگە و غەسالەی چەو ولم، لە سەر ڕووباری سیروان بەبەردەوامی کاردەکەن، ڕۆژانە سەدان درەخت لەناو دەبەن. بەهەزاران درەختی بەتەمەنیان لەناو بردووە، مەترسی گەورەن بۆ لەناوبردنی هەزارەها درەختی تری سروشتی! جگە لەوەی ڕێ ڕەوی ئاوی ڕوبارەکەیان گۆڕیوە، بوون بەهۆکار بۆ پیسکردنی ئاوی ڕووبارەکە، کە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی دانیشتوانە.

٦- هاتوو چۆکردن و وەرگەڕانی بەردەوامی تەنکەرەکانی گواستنەوەی نەوت. وەرگەڕانیان بووە، بەهۆکار بۆ تێکەڵ بوونی نەوت بەخاك و ئاو و هەوا، گرفتی زۆری بۆ ژینگە و شین بوونی ناوچەسەوزەکان دروست کردوە،

جگەلەوەی زۆرجار وەرگەڕانی ئەم تەنکەرانە ئاگری لێ دەکەوێتەوە و ڕەگەزی هەواش پیس دەکا.

٧- زبڵ و پاشماوەکان تائەمڕۆ دوبارە بەکارناهێنرێتەوە (ڕیسایکلین)ناکرێت. بەشێوەیەکی نازانستیانە لەدو شوێنی جیادا کۆدەکرێتەوە، بەشێکی زۆری دەسوتێنرێ و بەشێکی تریشی دەکرێت بەژێر خاکەوە. لەدواجاردا بەشێکی تری لە ڕێگەی لافاو و بارانەوە، تێکەڵ بەسەرچاوە ئاوییەکان دەبێ، بەتایبەت ئاوی ژێر زەوی.

بە تێگەیشتن لەم کێشە ژینگەییانەی شارۆچکەی دەربەندیخان، دەتوانین لە کێشە ژینگەییەکانی، ناوچە جیاجیاکانی، باشوری کوردستان تێبگەین.

لە گۆڤاری ڕێچکە بڵاوبوەتەوە ژمارە(٤٢) یەکشەمە(٢٠١٤/١٢/٧).

گواستنەوەی نەوت و کاریگەری لەسەر ژینگە

کرداری گواستنەوەی نەوت لە کانەکانەیەوە بۆ ناوچەکانی بەکار بردن، بەپلەی یەکەم پشت بەبۆری و پاپۆر دەبەستێت بۆ گواستنەوە، ڕێگەیەکی تری گواستنەوەی نەوت بەهۆی ئۆتۆمبێل و شەمەندەفەرەوەیە، ئەگەر ئەم ڕێگەیە بەراورد بکەین بەو نەوتەی بەڕێگاکانی تر دەگوازرێتەوە زۆر کەمە، لەڕووی ئابوریشەوە سودی زۆری نیە، تێچووی زۆر دەبێت، نەوتی کەمیش دەتوانرێ بگوازێتەوە، گواستنەوەشی هەندێك مەترسی تیادایە.

باشوری کوردستان وەك بەشێك لە عێراق، پشت بە ڕێگەی(لوولە)دەبەستێت بۆ ناردنەدەرەوەی نەوت بەناو خاکی سوریا و لوبنان و تورکیا، بۆ سەردەریای ناوەڕاست و بۆ بەندەری جیهان. سەرەڕای بەکارهێنانی ڕێگەی(لوولە) پشت بە ڕێگەیەکی تری گواستنەوەی نەوت دەبەستێت، بۆ وڵاتانی(ئێران و تورکیا)ئەو ڕێگەیەش ڕێگەی وشکانیە، بەهۆی (ئۆتۆمبیل)ەوە.

پشت بەستنی باشوری کوردستان بەم ڕێگایە، زیانی زۆری بە ڕەگەزە ژینگەییەکانی(ئاو و هەوا و خاك)گەیاندووە، بەنمونە ژینگەی شارەکانی "زاخۆ، کۆیە، دوکان،چەمچەماڵ، کەرکوك، عەربەت، دەربەندیخان، کەلار" هیتر... دیارترینیانن کەزۆرترین زیانی ژینگەییان بەرکەوتووە، بەتایبەت ناوچەکانی زاخۆ و دەربەندیخان. ناوچەی دەربەندیخان وەك نمونەیەك وەر دەگرین و چەندین داتا و زانیاری مەترسیدار لەبارەیەوە دەخەینە ڕوو، بەپێی ئامارێکی ڕێکخراوی(سروشتی کوردستان)تەنها

لەساڵی ۲۰۱۳دا (۲۳)تەنکەری گواستنەوەی نەوت وەرگەڕاون. (۲)تەنکەری نەوتیان سوتاون. ئەم ئامارە ئامارێکی زۆر مەترسیدارە، چونکە هەرتەنکەرێك توانای گواستنەوەی (۳٦,۰۰۰)لیتر نەوتی هەیە، کەوابوو تەنها لەساڵی ۲۰۱۳دا (۸۲۸,۰۰۰)هەزار لیتر نەوت ڕژاوەتە سەر خاك و ناوسەرچاوەکانی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی و تێکەڵ بە هەواش بووە!

گاریگەریی و مەترسیەکانی لەسەر ڕەگەزە ژینگەییەکانی(خاك،ئاو،هەوا)

**خاك:** ئەگەر خاکەکە خاکێکی کشتوکاڵی بێ، ئەوابەپیتی لەدەست دەدات، جارێکی تر بەکاری کشتوکاڵ کردن نایەت. گومان لەوەشدانیە کەبەهۆی ڕژانی نەوتەوە گیا و پوش و پاوان و درەختەکان وشك دەبن و لەناو دەچن، ئەم لەناو چونە دەیان جار لە دەربەندیخان ڕوویداوە.

**ئاو:** سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی بەهۆی ڕژانی نەوتەوە پیس دەبێ، مەترسی لەسەر زیندەوەر و ماسیەکان دروست دەبێ، هەندێك جار لەناو دەچن، جگەلەوەی ئاوەکە ئیدی بۆ مەلەکردن و خواردنەوە دەست نادا. لە کاتێکدا (یەك دڵۆپ نەوت)توانای پیسکردنی(۱,۰۰۰)یەك هەزار لیتر ئاوی پاکی هەیە! (یەك لیتر نەوت)توانای پیس کردنی(۱,۰۰۰,۰۰۰) یەك ملیۆن لیتر ئاوی پاکی هەیە! بەهۆی تێکەڵبوونی نەوت بەخاك و دواتر ڕژانی بۆ ناو ئاوی ژێر زەوی، بەهۆیەوە ئاوی ژێر زەوییش "ئاوی یەدەك" پیس دەبێ، لە ئایندەدا ئەستەمە نەوەکانی داهاتوومان بتوانن سودی لێ ببینن.

**هەوا:** ڕۆژانە بە سەدان تەنکەری گواستنەوەی نەوت بەناوەندی شارەکەدا تێپەڕ دەبن، گازی(هایدرۆکاربۆنی)دەڕژێننە ناو ڕەگەزی هەوا. بەهۆی وەرگەڕان و ئاگر گرتنی تەنکەرەکانەوە ڕەگەزی هەوا پیس دەبێ، بەهۆیەوە پوش و پاوان و درەخت و بەشێکی زۆر لە ناوچەسەوزاییەکان دەسوتێت، بە سەدان باڵندە و مێرو و زیندەوەر لەناو دەچن، نەوتە ڕژاوەکە لەسەر خاك دەمێنێتەوە، بەهۆی تێکەڵ بوونی بەخاك و وەرگرتنی تیشکی خۆرەوە، دیاردەی بەهەڵم بوون ڕوودەدات، گازی(هایدرۆکاربۆنی)لێ دروست دەبێ، ئەمەش دەبێتە مەترسی بۆ سەر ژینگە و ژیانی دانیشوانی ناوچەکە.
سەرەڕای بوونی ئەم کاریگەرییە خراپانە و دروست کردنی مەترسی لەسەر ژینگە و ژیانی مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندە و زیندەوەران، گواستنەوەی نەوت لەڕێگەی (ئۆتۆمبیل)ەوە بەردەوامی هەیە... تائێستا وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و ئەو کۆمپانیایانەی کەلەو بوارەدا سەرقاڵی گواستنەوەن و سەرچاوەی مەترسین، هیچ قەرەبوویەکی ژینگەیی دناوچەکەیان نەکردووەتەوە، ساڵانەش دەیان تەنکەری گواستنەوەی نەوت وەردەگەڕێت و کارەساتی گەورەی ژینگەیی لێ دەکەوێتەوە.

لە سایتی ژینگە بڵاو بوەتەوە، لە(٢٠١٤/٧/١٢)
https://zhiant.blogspot.com/2014/12/blog-post.html

توشبوون بەنەخۆشی ژێرپەنجە لە دەربەندیخان

نەخۆشی شێرپەنجە یەکێکە لەو نەخۆشیە کوشندانەی، مرۆڤایەتی لە جیهاندا گیرۆدەکردووە. خێزانەکانی باشوری کوردستان، بەدەرنین لەم گیرۆدە بونە. هۆکارەکانی توشبون بەم نەخۆشییە زۆرن، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی سێ هۆکاری سەرەکی دیاریکردووە بۆ توشبون بە نەخۆشی شێرپەنجە، یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکان پیسبونی ژینگەیە. پیسبونی ژینگە بەسەرجەم ڕەگەزەکانیەوە، ڕەگەزی (ئاو و هەوا و خاك).

لەدوای ناوچەی تانجەرۆ، لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی، قەزای دەربەندیخان، یەکێکە لەو ناوچە کارەستبارانەی، هۆکارەکانی پیسبونی ژینگە، سەرجەم ڕەگەزە ژینگەییەکانی گرتووەتەوە. هۆکارەکانی پیسبون بەجۆرێکن، دانیشتووانەکەی گیرۆدە کردووە. بەهۆی ڕژانی ئاوی لقی تانجەرۆ، بۆ بەنداوی دەربەندیخان، سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی دانیشتوانی شارەکەپیسبووە یان دەتوانم بنوسم ژەهراوی بووە، بەجۆرێك کە ڕەنگ و تام و بۆنی ئاوەکە گۆڕاوە.

وەزیری پێشوی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەنوسراوی ژمارە١٢٠٧ لە٢٠٠٨/١٠/٨ لەدەقی نوسراوەکەدا ئاماژە بەوەدەکا، لەدوای چەندجارپشکنینی بەکتریالۆجی و کیمیایی ئاوی خواردنەوەی دەربەندیخان، شیاو نیە بۆ خواردنەوە. داوا لە دانیشتوانی شارەکە دەکا ئاوی سەرچاوەیەکی تر بەکاربێنن بۆ خواردنەوە، تا حکومەت پرۆژەیەك جێ بەجێ دەکا بۆ دابینکردنی ئاوی پاك. حکومەتی خۆجێی

دەربەندیخان ئەم زانیاریەیان لە دانیشتوانی شارەکە شاردەوە، بانگەوازیانکرد، ئاوەکە پاکە و بۆ خواردنەوە گونجاوە. بەفشاری چەندین گروپ و ڕێکخراو، لەدوای چەندین ساڵ، ئاشکراکرا ئاوەکە بۆخواردنەوە شیاونیە. لە ڕابردودا بە نەزانین و لە ئەمڕۆشدا بە ناچاری، دانیشتوانی شارەکە ئەو ئاوە ژەهراوییە دەخۆنەوە.

هەوای شارەکە پیسبووە، بەهۆی بونی ژمارەیەك کارگەی هاڕینی بەرد و گەچ لەناو گەڕەکەکانی دەربەندیخان. بەمەبەستی پاراستنی ژینگە و تەندروستی دانیشتوان و لەژێر فشاری خەڵك و ڕێکخراوە ژینگەییەکان، سەرۆکایەتی گشتی شارەوانیەکانی سلێمانی، بڕیاری داخستنی سەرجەم کارگەکانیدا. لەسەرداوای حزبی دەسەڵات و لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان، بڕیاری کردنەوەی سەرجەم کارگەکاندرا، تا ئەمڕۆ لە پیسکردنی هەوای شارەکە بەردەوامن.

قسەی زۆر هەیە لەسەر زۆری ڕێژەی تواشبوان بە نەخۆشی شێرپەنجە لە قەزای دەربەندیخان، هەوڵماندا لە ڕێگەی ڕێکخراوی سروشتی کوردستان و بەڕێوبەرێتی تەندروستی دەربەندیخان، ئاماری توشبوانی پارێزگای سلێمانی لە نەخۆشخانەی هیوا وەربگرین، تەنها توانیمان لە ڕێگەی ئەو نەخۆشخانەیەوە، ڕێژەی توشبوانی دەربەندیخان وەربگرین لە ساڵی٢٠١١ ژمارەی توشبوان(١٨)کەس بووە، لە ساڵی٢٠١٢ ژمارەی توشبووان(٣٨)کەس بووە،لە ساڵی٢٠١٣ژمارەی توشبووان(٢٥)کەس بووە، لە ساڵی٢٠١٤ ژمارەی توشبووان(٤٠)کەس بووە، لە ساڵی٢٠١٥ش ژمارەی توشبووان(٣١)کەس بووە. لەماوەی پێنج ساڵدا کۆی ژمارەی توشبوان بریتیەلە(١٥٢)کەس. ئەم ئامارەی نەخۆشخانەی هیوا تەنها ژمارەی

ئەوتوشبوانە دەخاتەڕو، کەلەنەخۆشخانەکەیان تۆمارکراوە لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا. ژمارەی ئەو کەسانەی تێدانیە کەلەساڵەکانی پێشتردا توشی شێرپەنجەبون. ژمارەی ئەو کەسانەش نەزانراوە کە توشبون و مردون. ئەوانەشی کە توشبون و لە شوێنی تر چارەسەریان وەرگرتووە. ژمارەی توشبوان بەشێرپەنجە لە هەڵکشاندایە، چونکە پیسکردن و تێکدانی ژینگە بەردەوامی هەیە. بۆیە لەپێناو پاراستنی ژیانی خۆمان و ئەندامانی خێزانەکانمان پێویستە پارێزگاری لە ژینگە بکەین، ئەرکە لە سەرحکومەت کاری گەورەبکا، بۆڕێگریکردن لەپیسبون و تێکدانی ژینگەی دەربەندیخان.

پۆلیسی دارستان و ژینگە، لە نێوان ئەرك و خۆدزینەوەدا

پاراستن و گەشەپێدانی ژینگەی کوردستان، ئەرك و بەرپرسیارێتە، ئەم ئەرك و بەرپرسیارێتیەش دەکەوێتە ئەستۆی هەموو تاکێك بەبێ جیاوازی ڕەنگ و زمان و ئاین، چونکە ئێمەی مرۆڤ خاوەن یەك زەوی و خاوەن یەك ئاسمان و خاوەن یەك ڕەگەزی ئاوین.

لەم نێوەندەشدا گروپ و هێزی جودا جودا هەن خۆیان لەم بەرپرسیارێتیە قوتار دەکەن، وەك ئەوەی زەویەکی تر و ئاسمانێکی تر بوونی هەبێت، دژ بەژینگە و ژیانی مرۆڤایەتی کاردەکەن و لەگەڵ هەرچرکەیەك، کانییەك و لەگەڵ هەر خولەکێك هێلانەی باڵندەیەك و لەگەڵ هەر کاتژمێرێك ڕووبەرێکی سەوزایی لەناو دەبەن؟!!

لەبەرامبەر ئەم گروپ و هێزە دژ بە مرۆڤایەتیەدا، هێزێکی تر و گروپ گەلێکی تر بونیان هەیە، کەلە ژێر ناو و چەتری جیا جیادا کاردەکەن، دیارترینیان "پۆلیسی دارستان و ژینگەیە" سەرەڕای شەونخونی و ماندووبوون و تێکۆشانی ئەم هێزە خاکیە، پاپەند نەبوون و خۆدزینەوەیان لەیاسا و بەرپرسیارێتی ژینگەیی.. شایەنی هەڵوێستە لەسەرکردنە، بەپێی یاسایی پاراستن و چاککردنی ژینگە، هەرکەس و لایەنێك ببێت بەهۆکار بۆ تێکدان و شێواندنی ژینگەی کوردستان، بەتایبەت ببێت بەهۆکار بۆ لەناو بردنی ڕووبەرەسەوزاییەکان، ئەرکە لەسەر پۆلیسی دارستان و ژینگە، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکات و ڕاپێچی دادگا یان بکات، بەلاّم بەپێی کام یاسا؟ کام ڕێنمایی وەزارەت؟ پۆلیسی دارستان و ژینگەی سلێمانی خۆی لەم ئەرکە دەدزێتەوە؟؟ بۆچی

بۆشایی یاسایی دروست دەکات؟ بۆچی دەرفەت بۆ ناحەزانی ژینگە دەڕەخسێنێت ڕۆژانە دەست درێژی بکەنە سەر ژینگە؟ هەمیشە لێدوان و گلەییان لەدادگاکانە.. بەلاّم کاتێك دادگا داوای نوێنەریان لیّ دەکات ئەم شێوەیە وەلاّم دەدەنەوە:

- بڕینەوەی درەخت لەناو شارەکان پەیوەندی پێمانەوە نیە، چونکە شوێنەکە دارستان نیە. هەردرەخت بڕینێك لەسنوری شارەوانی ئەنجامدرا، نوسراو ئاراستەی شارەوانی بکەن. "بیّ ئاگا لەوەی شارەوانی خۆی درەختی بڕیوەتەوە!!"
- درەخت بڕین و خەڵوز کردن لەدارستانەکان ڕوویدا، ئەوا ڕووبەڕووی بەرێوەبەرایەتی دارستان و پاوانی بکەنەوە. "بیّ ئاگا لەوەی بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوان خۆی مۆڵەتی کارکردنی پێداون"
- هــەر تاوانێك دژی پیس بوونی ژینگە و زیادە ڕەوی بۆ سەرزەوی دارستانەکان و دروست کردنی کانەبەرد و کارگەی چەوڵم ئەنجامدرا، ڕووبەڕووی بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی بکەنەوە. "بیّ ئاگا لەوەی ژینگە فەرمانگەیە نەك بەڕێوەبەرایەتی."

زۆرینەی کێشەژینگەییەکانی کوردستان و بەتایبەت پارێزگای سلێمانی خۆیان لەو سیّ خاڵەی سەرەوەدا دەبیننەوە، باشە ئەگەر پۆلیسی دارستان و ژینگە خۆی لەو ئەرکە یاسایی و ژینگەییە بدزێتەوە!! لایەنە حکومیەکانی تریش بەئەرکی خۆیان هەڵنەسن! ئیدی پێم ناڵێن کیّ بەرپرس و کیّ حاکم و کیّ پارێزەری ژینگەیە؟

لە گۆڤاری هێما بلاّوبوەتەوە، ژمارە(١) لە(١/١٠/٢٠١٥).

دانانی پێوەری میکانیکی ئاو پێویستە؟

ئاو سەچاوەی ژیانە. لە هەرکوێیەك شوێنی نیشتەجێ بون هەبێ، ئاویش هەیە، لەهەرشوێنێك ئاو هەبێ ژیانیش هەیە. بۆیە پاراستن و بە فیڕۆ نەدانی، ئەركی سەرشانی هەمو تاكێكە. بەڵام تاكەكانی كۆمەڵگە، بەردەوامن لە پیسكردنی سەرچاوە ئاوییەكان. ڕۆژانەش لە باشوری كوردستان بەهۆی نەبونی وشیاری و كەمتەرخەمی حكومەت زیاتر لە هەزاران لیتر ئاو، لە بەلوعەی ماڵانەوە بەفیڕۆ دەدرێت. كە لەلایەن میراوەكانەوە ئاو بۆ ماڵان هەڵدەكرێت، ڤیستیڤاڵی بەفیڕۆدانی ئاو دەست پێدەكا، ڕەنگە هەریەك لە ئێمەڕۆژانە لە كۆڵانەكانی شاردا، بینەری دەیان ڤیستیڤاڵی بەفیڕۆدانی ئاو بوبین، بەتایبەت لەلایەن ژنانەوە.

بەفیڕۆدانی ئاو و نەبونی پێوەر، دابەشكردنی ئاو ئەم سیستەمەی ئێستا، نادادپەروەری دروستكردوە. بۆ نمونە خێزانێك كەلە دە ئەندام پێكهاتوە و خاوەنی ٢٠٠م شوێنی نیشتەجێ بونە مانگانە بەپێی ڕوبەری زەوی تەنها(١٠,٠٠٠)دە هەزار دیناریان بۆ دێتەوە، وە خێزانێكیش كەلە دوو ئەندام پێكهاتون و خاوەنی ٢٠٠م شوێنی نیشتەجێ بونن هەربە تەنها(١٠,٠٠٠)دە هەزار دیناریان بۆ دێتەوە؟! بەڵام بەپێی ستانداری جیهانی دابەشكردنی ئاو بەپێی قەبارەی بەكارهێنانە، نەك بەپێی ڕوبەری زەوی و بەشێوەیەكی هەڕەمەكیانە! كەتەنانەت نەشزانرێت بەشداربویەك یان (هاوبەش)ێك چەنێك ئاو بەكاردەهێنێت؟

هەروەك چۆن پێوەری کارەبا بۆ مالآن دانراوە بە جیاوازییەوە! پێویستە پێوەری ئاویش بۆ مالآن و شوێنەگشتیەکان دابنرێت بەبێ جیاوازی. چونکە دانانی پێوەری میکانیکی، ئاو بەپێی بەکارهێنانی مانگانەی(م۳)دابەشدەکا، ڕێگە لە بەفیڕۆدانی ئاوێکی زۆر دەگرێت و (هاوبەش) ناچاردەکا، بەگوێرەی پێویست ئاو بەکاربهێنێت. ئەگەر هەموو هاوبەشەکانیش بون بەخاوەنی پێوەری میکانیکی، ئەوکات حکومەت دەتوانێت ڕۆژانە ئاو دابەش بکا. ئیدی ڕەنگە هاولآتیان پێویستیان بەتەنکی ئاویش نەبێ.

لەدوای کەمتەرخەمییەکی زۆر. حکومەت لە ڕێگەی دوو کۆمپانیاوە، لەمانگی هەشتی ساڵی ٢٠١٥وە، دەستیان بە بەستنی پێوەر کردووە، زیاتر لە(٤٠٪)یان تەواوکردووە. لە بەرامبەرکرێن و بەستنی لەلایەن (هاوبەش)ەکان حکومەت وەك هاوکارییەك هەڵدەسێت بە قەرەبووکردنەوەیان بەبڕی(٤٠,٠٠٠)چل هەزار دینار ئەوەش بەداشکاندنی بڕی مانگانە بە(١٠,٠٠٠)دە هەزاردینار لە پسوڵەی ئاو بۆ ماوەی چوارمانگ.

دوای تەواوبون و دانانی پێوەر بۆ هەموو هاوبەشەکان. پێویستە حکومەت کاربکا بۆ دانانی پێوەر لەگەڕەکەکان تا بتوانێ ونبونی ئاو لە تۆڕەکاندا دیاری بکات و ڕێگە لەبەفیڕۆدانی بگرێت. ئەو کات لەڕێگەی پێوەری گەڕەکەکانیشەوە دەزانرێت، چەنێك ئاو دابەشکراوە بۆ هەر گەڕەکێك.

لە سایتی خەڵك بلآوبوەتەوە، لە(٢٠١٦/٣/١٨)

http://www.xelk.org/hele.aspx?aspxerrorpath=/drejaWtar.aspx

دارا داری نەدی، درەختی دی

لە سەرەتاکانیساڵی(١٩٥١)تا ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو، کاتێك کە منداڵانی کورد لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە دەڕۆیشتنە پۆلی یەکەمی سەرەتایی فێری ئەلفوبێی کوردی و دارا دوو داری دیی دەکران، بەڵام ئەوەی کە دارا دەیبینی دار نەبوو بەڵکو درەخت بوو؟!! بەڵام بۆچی (ئیبراهیم ئەمین باڵدار) دارای فێری بینی دار کردووە؟ لە کاتێکدا ئەو وێنەی کە لەلایەن (ترودی میتەلمەن)ەوە کێشراوە، وێنەی درەختێکی سەوز و زیندوو بووە، نەك دارێکی وشك و نازیندوو!! دەکرا ئەو وێنەیە وێنەی (دارێکی وشك) بووایە نەك درەختێکی زیندوو،ئەو فێرخوازانەشی لە قۆناغی سەرەتایدا فێری ئەلفوبێی کوردی کراون، تا ئەمرۆش بە درەختی زیندوو دەڵێن دار و بە داری نازیندوش دەڵێن درەخت!!

مەبەست لە وشەی زیندوو چیە؟ ڕەگەزە پێك هێنەرەکانی ژینگە پێك دێت لە: زیندووەکان و نازیندووەکان، زیندووەکان، ئەم ڕەگەزانە دەگرێتەوە: بەکاربەرەکان وەك مرۆڤ و ئاژەڵەکان،شیکەرەوەکان وەك کەڕوو بەکتریا و هەندێك لەمێرووەکان، بەرهەمهێنەر وەك قەوزە و ڕووەکەکان ، نەمام و درەختەکانیش.... لەکۆمەڵەی ڕووەکەکانن، کەوایە نەمام و درەخت زیندوون.

لە شەتڵگە و نەمامگەکان لەڕێگەی تۆوو قەڵەمەوە نەمام بەرهەمدەهێنرێت، لەدوای بەرهەمهێنانی دەچێنرێت، دواتر گەشەدەکات و دەبێت بە درەخت، تا ئەم کاتە دەتوانین بە نەمام و درەختەکان بڵێین زیندوون، بەڵام کاتێك کە درەختەکان بە هەر

هۆکارێك وشك دەبن یان دەبڕدرێنەوە و دواتر وشك دەبن ئەوا دەبن بەدار، بۆیە ناتوانین بڵێین زیندووە یان بڵێین سەوزە، بۆیە دەبێت بڵێین دارەکە وشکە و نازیندووە. لە زمانی کوردیدا لە باشوری کوردستان بە ناوچەیەکی سەوز کە درەختی زیندووی تێدا بێت دەگووترێت(دارستان) لە کاتێکدا مەبەست لە واتای دارستان ئەو ناوچەیە نیە، داری وشکی تیادا بێت، بۆیە لەڕووی واتاوە هەڵەیە و ئیدی نابێت بە (دار بڵێین درەخت و بەدرەختیش بڵێین دار) بە(درەختستان بڵێین دارستان) بە (درەختی مێو بڵێین دارمێو) بە (درەختی توو بڵێین دار توو) بە(دارا بڵێین داری دی)نەگونجاوە وشەی (دار) لە شوێنی وشەی (درەخت) بەکاربهێنین، وشەی (دارستان) لە شوێنی وشەی (درەختستان) دابنێین... دەبێت جێگرەوەیەك بۆ وشەی (دارستان) دابنرێت، ئایا دەکرێت لە جیاتی بەکارهێنانی وشەی (دارستان) بڵێین (درەختستان) لەوەلاّمدا دەنوسم بەڵێ دەکرێت چونکە،لەڕوی واتاوە هیچ گرفتێك دروست ناکات، کەسی بەرامبەر تێدەگات کە مەبەست لێی ناوچەیەکی سەوزە و درەختی زیندوی تیادایە، لە ڕووی بەکارهێنانیشەوە وشەیەکی نوێ دەبێت. بەلاّم لە ڕووی دەربڕینەوە کەمێك قورسە، بۆیە دەتوانین وشەی جێگرەوەی تر بۆ (دارستان) دابنێین وەك(جەنگەڵ) کە زیاتر لە ڕۆژهەلاّتی کوردستان بەکار دەهێنرێت، یان (بێشە) یان هەر وشەیەکی تر کە لە مانادا، درەختەکان بە زیندوویەتیی بهێڵێتەوە.. بەراوردێك دەکەین بۆ وشەکانی (درەخت، دار، دارستان، ڕووبەری سەوزایی) بزانین هیچ جیاوازییەکمان لە زمانەکانی(کوردی،عەرەبی، ئینگلیزی) بۆ ڕوون دەبێتەوە؟

لەزمانی عەرەبیدا:

بە درەخت دەگووترێت: الشجره

بە دار دەگووترێت: العود

بە دارستان دەگووترێت: الغابە

بە ڕووبەری سەوزایی دەگوترێت: **منظمة الخظراء**

لەزمانی ئینگلیزیدا:

بە نەمام دەگووترێت: seedling sprout sapling

بە درەخت دەگوترێت: tree

بە دار دەگووترێت: wood

بە دارستان دەگووترێت: forest

بە ڕووبەری سەوزایی دەگووترێت: green area

بە ناوچەیەك كە درەختی تیادابێت دەگوترێت: wood

وشەی (درەخت و دار) هەریەكەیان لەو دوو زمانەدا واتایەكی تایبەتیان هەیە، هەردوو وشەكە ماناكانیان ناچنەوە سەریەك، بە گشتی ئەم باسە... پێویستی بە لێكۆڵینەوە و وردبوونەوەی زیاتر هەیە، بەتایبەت وەزارەتی پەروەردە و شارەزایانی زمانی كوردی و ناوەندەكانی زمان دەبێت زۆر بەشێوەی ورد تر لەم بارەیەوە بكۆڵنەوە، تا دەگەن بە ئەنجامێك و لە كۆتایدا (دارا فێری بینینی درەخت) بكەن، یان وێنەی دوو درەختە سەوزەكە بگۆڕن بۆ دوو داری وشك، تا چیتر منداڵانی كورد و نەوەی نوێ بە هەڵە فێری ئەلفو بێی كوردی نەكرێن.

لە گۆڤاری رێچكە بلاٌوبوەتەوە ژمارە(٤٣) یەكشەمە(٢٠١٥/١/١٨).

کیسەی نایلۆن، هەڕەشەیەکی مەترسیدار

دانیشتوانی باشوری کوردستان، ڕۆژانە بۆمارکێت و چونە بازاڕ، کیسەی نایلۆن بەکاردەهێنن، دواتر فڕێی دەدەنە ژینگە و بەهۆیەوە، ئاو و هەوا و خاك پیس دەبێ. بەم کارەش ژینگە و تەندورستی دانیشتوان، ژیانی ئاژەڵ و باڵندە و زیندەوەران، دەکەوێتە مەترسییەوە. کیسەی نایلۆن لە پێکهاتە کیمیاوییە ئاڵۆزەکانە، لەنەوت و پێکهاتەکانیەوە وەردەگیرێت، جگە لە پێکهاتە کیمیاوییەکەی، بەئاسانی لەگەڵ مادەخۆراکیەکاندا، یەك دەگرێ، بەتایبەت ئەگەر مادەی خۆراکی گەرم بێ، وەك(سەمون)، گەردیلەکانی یەك دەگرێ، لەگەڵ خۆراکەکە، دواتر لەڕێگەی سوڕی خۆراکەوە، دەچێتە پێکهاتەی لەشەوە، کەهۆکارێکە بۆ توشبون بەشێرپەنجە. کار لەبڕی ئاو دەکا، کەدەچێتە خوارەوە بۆ ژێرزەوی، کەمی دەکاتەوە. چونکە دەبێتە ڕێگر. هەروەها دەبێتە هۆی پیسبوونی خاك، چەندەها ساڵی پێویستە، بۆشیبوونەوە. هۆکارێکیشە بۆ لەناوبردنی ئاژەڵ و گیانلەبەران، زۆر کات لەگەڵ خواردنی گژوگیادا دەیخۆن، کەدەبێتە هۆی خنکان و مردنیان. بەهۆی سووکی کێشییەوە، کیسەی نایلۆن دەگوازرێتەوە بۆ دوور، بەهۆی باوە. تێکەڵ بە سەرچاوە ئاویەکان دەبێ، هۆکارە لەکۆکردنەوەی خۆڵ و پیسی. ژینگەی ئاوەکان پیس دەکا، ژیانی زیندەوەران دەخاتە مەترسیەوە. لەکاتی سوتاندنیدا ئۆکسیدەکانی کلۆرۆکاربۆن دەردەکا، کە هۆکارە بۆ گەرمبوونی زەوی. لەڕوی بەکارهێنانەوە(١-٤)جار بەکاردەهێنرێت و فڕێدەدرێت. ماوەی شیبوونەوەی لە ئاودا دەوروبەری(١٠-٢٠)ساڵی دەوێت، لە خاکیشدا(٥)ساڵی پێویستە، تا شیببێتەوە.

بەدیلی کیسەی نایلۆن، بەکارهێنانی تورەکەی قوماشی دۆستی ژینگەیە، باشترین ڕێگایە بەهۆی ئەوەی دەتوانرێ زۆربەکاربهێنرێتەوە، درەنگتر خراپ دەبێ، زووتر شیدەبێتەوە، بەپیسکەری ژینگەدانارێت. چونکەپێکهاتەکەی سروشتیە و ئۆرگانیە، لەسروشتەوە بۆ سروشت. ماوەی شیبوونەوەی لەئاودا(٢-٥)مانگی دەوێ. لەخاکیشدا(٢-٣)مانگی دەوێ. دەتوانرێت بۆ(١٣١)جار بەکاربهێنرێ. لە کاتی فڕێدانیدا، لە هەرکەش و هەوا و بارودۆخێکی ئاو و هەوایدا، شیدەبێتەوە و نابێتە ماددەی ژەهراوی.

لە جیهاندا هەوڵی جۆراو و جۆر، دراوە، بۆ وشیارکردنەوەی تاك و کەمکردنەوەی بەکارهێنانی کیسەی نایلۆن. نمونە وەلاّتی بەریتانیا لەساڵی(٢٠٠٨)، لەلایەن خاوەن مارکێتێکەوە، کەمپینێك ڕاگەیەنرا، بۆبەکارهێنانی تورەکەی قوماش، لەجیاتی کیسەی نایلۆن. خاوەن مارکێتەکە بڕیاریدا، لە جیاتی کیسەی نایلۆن، تورەکەبدا بەکڕیارەکانی و لە بەرامبەردا بڕەپارەیەکیان لێوەربگرێ. لەلایەن(٢٠٠)گەنجەوە پاڵپشی لە کەمپینەکەکرا. دواتر شاژنی بەریتانیا پەیامێکی بلاّوکراوە، تیایدا پاڵپشتی خۆی بۆ کەمپینەکە ڕاگەیاند، داوای لە سەرۆك(دیڤد کامیرۆن)کرد، باج لەسەر کیسەی نایلۆن دابنێ. لەلایەن(دیڤد کامیرۆن)ی سەرۆکەوە، پاڵپشتی لە کەمپینەکە کرا، باجی لەسەر کیسەی نایلۆن دانا، بۆ ئەوەی هاولاّتیان بە ئاسانی نەتوانن، بەبێ بەرامبەر دەستیان بکەوێ. (دیڤد کامیرۆن)بۆچونە مارکێت و بازاڕکردن، لەجیاتی کیسەی نایلۆن، تورەکەی بەکارهێنا. ئەم هەنگاوانەی حکومەت، پاڵشتێکی گەورەبو، بۆ سەرخستنی کارەکانی کەمپینەکە. کاری کەمپینەکە

بەردەوامی هەبو، چەندین ساڵی خایاند، تالە(٢٠١٥/٨/٢٠)بەڕێوەبەرانی کەمپینەکە، سەرکەوتنی کارەکانیانیان ڕاگەیاند و کۆتاییان پێهێنا.

لەباشوری کوردستانیش، بۆیەکمجار لەلایەن ڕێکخراوی سروشتی کوردستانەوە، لە(٢٠١٥/٨/٣١)بەپلانێکی درێژ و هەوڵێکی گەورەوە، #شۆڕشی_سپی ڕاگەیەندرا، بۆبەکارهێنانی تورەکەی قوماشی دۆستی ژینگە، لە جیاتی کیسەی نایلۆن. لەڕێگەی چەندین تیمی مەیدانی خۆبەخشەوە، سەردانی چەندین شار و شارۆچکەکرا، پەیامی شۆڕشەکەیان گەیاند، بەهاولاتیان و تورەکەیان دابەشکرد. لەڕێگەی میدیاوە پەیامی گەورەتریان گەیاند. پاڵپشتی حکومەتە خۆجێییەکانیان کۆکردەوە، لەهەوڵی بەدەستهێنانی پاڵپشتی ئەنجومەنی وەزیراندان، بۆ دانانی باج لەسەر کیسەی نایلۆن.

نوسراوە لە(٢٠١٥/١٠/٢٠). بەسوپاسەوە سودم وەرگرتووە، لەزانیارییەکانی هەردو هاوڕێم(د.ڕۆژان فەرەیدون) و کاك(سەروەت محمد).

دڵی سروشت بپارێزە

کەم نین کەسانی نابەرپرس و دژبە سروشت، کە ئاگر لە پوش و پاوان و درەختستانەکانی باشوری کوردستان بەردەدەن. بەهۆیەوەدڵی سروشت دەسوتێت و ڕەگەزی هەوا پیس دەبێ. سەدان مێر و گیانلەبەر و باڵندە لەناو دەچێ یان ژیانیان دەکەوێتە مەترسیەوە. کێن ئەوانەی ئاگر لە دڵی سروشت بەردەدەن؟ کێن ئەوانەی ماڵی باڵندەیەك، کیسەڵێك، مێروییەك، دەسوتێنن؟ ئایا ئەوانە مرۆڤن؟ هەر بەڕاستی دڵیان هەیە؟

ئەو مرۆڤانەی تر زۆر زیاترن.. کاتێك بەلای درەختستانێکی ئاگر تێبەربودا تێپەڕدەبن و چاو دەنوقێنن. ئایا ئەم مرۆڤانە ویژدانیان هەیە؟ ئەگەر هەیانە کاتێك بە گوێچکەکانیان گوێبیستی هاواری ناڵەی سروشت دەبن کەجەستەی دەسوتێ. چۆن شەوانە لەبەر ئازاری ویژدانیان خەو لە چاوانیان ناتۆرێ یان کاتێك چاو دەکەنەوە کەجەستەی سروشت بووە بە خۆڵەمێش!! باشە سروشت خاوەندارێتیەکەی بۆ ئەوانیش نیە؟ ئەی هەوای کوێ هەڵدەمژن؟ لەسەر خاکی چی مەملەکەتێك دەژین؟ درەختی کوێ دەکەن بە سێبەری گەشتەکانیان؟

ڕاستە ژیان لای مرۆڤ خۆشەویستە، بەلاّم ژیان یەکسانە بە سروشتیکی پارێزراو، ئەگەر سروشت پارێزراو نەبێ، نەك ژیانی ئاژەڵ و باڵندە و خشۆکێ، ژیانی مرۆڤیش پارێزراو نابێ، بۆیە پێویستە لە پێناو خۆشەویستیمان بۆ ژیان، پارێزگاری لەسروشت بکەین. ئاگر لە درەختستان و پوش و پاوان بەرمەدە، ئەگەر ئاگرێکت بینی هەوڵی کوژانەوەی

بدە، ئەگەر نەتوانی بیکوژێنیتەوە، تەنها کارێك پێویست بێ بیکەیت ئەنجامدانی پەیوەندییەکی تەلەفونیە بەهێڵی گەرمی (١١٥)ەوە. بە وتەی ناوەندەکەیان، هەمو چرکە و شەو و ڕۆژێك لەسەر هێڵن. تەنها چاوەڕوانی پەیوەندی ساردی ئێوەن، تا پێیان بڵێنماڵی کام درەخت و کام سمۆرە و کام بزنەکێوی لەمەترسی سوتاندایە؟ خۆئەگەر خەوی باشیان کردبێ و نانی باشیان خواردبێ، ئەگەر تورە و مەست نەبن، ئەوا کۆڵێك منەت دەکەن بەسەر سروشتدا و ئەوکات دێن بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکە!!!!..... خۆ هەندێکجاریش هەیە، ئاگرەکەیان پێ کۆنترۆڵ ناکرێ و هاتنەکەیان دەبێ بە نمایش!!

حکومەتی باشوری کوردستان یان باشترە بنوسم دەسەڵات لە باشوری کوردستان، لە ئاست بەها و گرنگییەکانی سروشتدا نیە و نایەوێ ببێت. سەر شۆڕییە بۆ دەسەڵاتێك لە ماوەی زیاتر لە بیست و پێنج ساڵی حکومڕانیدا نەی توانی بێ فڕۆکەی ئاگر کوژینەوە دابین بکا. کەچی لە ئەمساڵ و لە ڕۆژی جیهانی ژینگەدا، دوای زیاتر لە بیست و پێنج ساڵ حکومڕانی، لە ڕێگەی میدیاکانەوە بینیمان بە ئامادەبونی بەرپرسە گەندەڵەکان، نمایشی فڕۆکەی ئاگر کوژێنەوە دەکرێت لەناو پارکێکی پایتەختی باشوردا، ئەم دەسەڵاتە تەنها نمایشی دەوێ و گومانم نیە، فڕۆکەکانیشی بۆ نمایش هێناوە، دڵنیام ژیان دەرفەت بەهەریەکێکمان دەدات نمایشی ئەو فڕۆکانە لە بۆنە حزبیەکاندا ببێنێتەوە، بەڵام ڕەنگە هەرگیز نەی بینین دۆنمێك ئاگر بکوژێنێتەوە!! تێناگەم ئەم دەسەڵاتە شانازی بەچیەوە دەکا؟ لە دوای یەکەم نمایشی فڕۆکەکان، بەتەنیشتی دەریاچەیەکەوە، بە دەیان دۆنم پوش و پاوان و درەخت و هێلانەی باڵندە و ماڵی ئاژەڵ و کونی مشك، سوتا و وێران بوو! بەڵام نەمان بینی یەکێك لەو فڕۆکان ئاوێك بەو ئاگرەدا بکا. لە کۆتای ئەم نوسینەدا ئەمەوێت ئەوە بنوسم کە ژیان و

ژینگەی ئێمە بەلای دەسەڵاتەوە بەها و گرنگییەکی ئەو تۆی نیە. ئەوەی کە هەیە خۆمانین و تەنها خۆمان، دەتوانین دڵی سروشت بپارێزین. بۆیە دەبێ دوربکەوینەوە لەکردنەوەی ئاگر و هەوڵ بدەین لەهەرحاڵەتێکی کەوتنەوەی ئاگردا، کۆنترۆڵی بکەین. چونکە ژیانی هەمومان "سمۆرەیەك، درەختێك، خشۆكێك، مرۆڤێك" بەندە بەپاراستنی دڵی سروشتەوە، کە درەختستانەکانە.

لە گۆڤاری مرۆڤ و ژینگە بلاۆبوەتەوە ژمارە(١) لەساڵی(٢٠١٧).
لە گۆڤاری رێچکە بلاۆبوەتەوە، ژمارە(٥٧) لە ساڵی(٢٠١٧).

مرۆڤێك لەگەڵ ئاگر شەڕی دەكرد

زۆرن ئەوانەی لەپێناو پاراستن و گەشەپێدانی ژینگەی باشوری كوردستان تێدەكۆشن، بەلاّم كەمن ئەو مرۆڤە ژینگەپارێزانەی خۆبەخشانە و دڵسۆزانە كاردەكەن. باخەڵ و ژیانیان دەخە خزمەتی ژینگە و مرۆڤایەتی. نمونەی بەرزی مرۆڤی ژینگەپارێزیش دوهەمین شەهیدی ژینگە(محمد ڕەشید ئەحمەد)ی تەمەن ٦٠ ساڵە.

شەهیدی ناوبراو لە ژیانیدا وەك مرۆڤێكی ژینگەپارێزی ڕۆح سەوز بەردەم تێكۆشاوە، بۆ بەگاهێنانەوە و هاندانی هاولاّتیان. بۆ پاراستنی سروشت و ژینگەی كوردستان. تێكۆشانی لەپێناو ژینگەدا كردووە بەكردار و لەگەڵ ئاگردا شەڕی كردووە و بۆچەندین جار ژیانی كەوتوەتە مەترسیەوە. تەنانەت جارێك بەشێك لە لاشەشی سوتاوە، تەنها لەپێناو پاراستنی ژیانی درەختەكان و مار و مێر و هێلانەی باڵندەكان!!

لەبناری گوندی"سیامیوە"ی "ناڵپارێز" ئاگر لە درەختستانەكان بەردەبێت و بەشێك لە دڵی سروشت دەستوتێت. مرۆڤە ڕۆح سەوزەكەش ئەو ڕۆژە لە شارۆچكەی سەیدسادق لەمیوانی دەبێ. كاتێك هەواڵی سوتانی دڵی سروشت دەبیسێت میوانییەكە جێدەهێلێت و دەڵێ: (مەردایەتی نیە. من دابنیشم و باڵندە و درەخت و پوش و پاوانی ولاّتەكەم بسوتێت)؟!!! هەربۆیە مەردانە و ژینگەپارێزانە قۆڵی هەڵدەماڵێت و بەرە و ئاگرەكە دەروات تا شەڕی لەگەڵ بكا. ئاگرەكە بڵێسەی بەئاسماندا دەچێ. مرۆڤە ڕۆح سەوزەكە پێشمەرگە ئاسا دەجەنگێ بۆ ماوەی شەش كاژێر. بەلاّم ئاگری پەرەسەندو زۆری بۆ دێنێ و بەدوكەڵە ژەهراوییەكەی سییەكانی داگیردەكا. هەر بۆیە لەو ڕۆژە

ڕەشەدا کەدەکاتە(٢٠١٥/٧/١٣) باشوری کوردستان دوهەمین شەهید بە ژینگە دەبەخشێت.

هیچ وشەیەك ناتوانێت گوزارشت لە مەردایەتی و دڵسۆزی شەهیدی ناوبراو بکا. کاتێ کە گیانی پاکی بەخشیی بێ بەسروشت و مرۆڤایەتی. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان و هەڵوێستە لەسەرکردنە بێباکی و بێدەنگی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی کوردستان و یەکە ئیدارییەکانی ناوچەکەیە. تۆ بزانە لەشەهید بونی ناوبراوەوە تا ئێستا نەمامێکیان بۆ شەهید چاندووە؟ بەیاننامەیەکی هاوخەمیان بۆ کەس وکارەکەی ناردووە؟ ئایا وەك شەهیدی ژینگە ناساندویانە؟ یان دەی ناسێنن؟ مرۆڤ کاتێك هەڵوێستی شەهید دەخوێنێتەوە لەرز بەگیانیدا دێت.. بەڵام هەمان مرۆڤ هەست بەشەرمەزاری دەکات کاتێك وەڵامی ئەم پرسیارانە بەنەخێر وەردەگرێت.

لە گۆڤاری ڕێچکە بڵاوبوەتەوە ژمارە(٥٢) لە ساڵی(٢٠١٦).

تیرۆری سەوز، مەترسیدارتین تیرۆر

درەخت و درەختستان و ڕوبەرەسەوزاییەکان، گرنتی هاوسەنگ ڕاگرتنی سروشتن، گرنتی پاراستنی ژیانی مرۆڤن. ماڵی هەزاران هەزار ئاژەڵ و باڵندە و خشۆك و زیندەوەرن. لەژێر هەر پاساوێکدا بێ چۆن دەتوانن ژیان بخەنە مەترسیەوە؟ ئەگەر ژیان بەلای دەسەڵاتەوە هیچ بەها و گرنگییەکی نیە، ئەوا ژیان بەلای ئێمەی ژیان دۆستەوە، گرنگی و بەهای خۆی هەیە، بۆیە بریندارکردن و لق بڕین و سەربڕین و لەڕەگ هەڵکێشانی درەختەکان ڕەت دەکەینەوە، بەهەڕەشەیەکی گەورەی دادەنێین لەسەر ژیان.

چی بەهایەك بۆ یاسا و سەروەری یاسا ژینگەییەکان دەمێنێتەوە؟ چی بەهایەك بۆ بوژاندنەوەی درەختستانەکان و هەڵمەتی چاندنی ٥,٠٠٠,٠٠٠ملیۆن نەمامی ساڵانە دەمێنێتەوە؟ ئێمە خاوەنی وڵاتێکی هەژارنین. زێڕی ڕەشی ئێمە دەگاتە بەندەرەکانی جیهان، وڵاتە ڕۆژ ئاواییەکان لە ئێمە سودمەندن، کەچی تەنها و تەنها دوکەڵ و ئاوەڕۆی پاڵاوتگەکان و زیانی گواستنەوەی نەوت لەڕێگەی تەنکەرەوە بۆ گەلی ئێمەیە، پاڵاوتگەکانتان بۆ چرکەیەکیش ناوەستێ، کەچی دەتانەوێ ژیان بوەستێنن؟ چۆن دەتوانن ئەوەندە بێ باك و نابەرپرسیاربن؟ سروشت چی بە هەمومان نەبەخشی؟ چیتان بەسروشت نەکرد؟

قەیرانە یەك لەدوای یەکەکان دروستکراوی دەستی ئێوەن، ئێوە داهێنەری تیرۆری سەوزن، لەنەوەدەکانەوە خەڵکتان ناچارکرد، فێرتانکردن بریندار کەن، بیبڕن،

لەڕەگەوە هەرچی درەخت هەیە هەڵی کێشن، ئیتر بانگەشەی چی بۆ پاراستنی سروشت دەکەن؟ چی مانایەك بۆ بونی دەستەی ژینگەکەتان و فەرمانگەکانی دەمێنیتەوە؟

ئەگەر لەهیچ تێنەگەیشتون لەمە تێبگەن، ئێمە گەلێکی هەژارنین، نامانەوێ بە هەژاری بژین، ناشمانەوێ سەرکردەی هەژار سەرکردایەتیمان بکا. ئێوە کێشەتان لەگەڵ ئێمە نیە، ئێمەین کێشەمان لەگەڵ ئێوەهەیە، هەر بۆیە لەناوەندەکانی باخچەی ساوایانەوە، نەوەکانی داهاتوی گەلەکەمان فێر دەکەین، باوەڕ بە بانگەشە و چەواشە کارییەکانتان نەهێنن، فێریان دەکەین دژی هەمو جۆرە تیرۆرێکی سەوزبن.

بۆیە نەك تەنها ڕەتی دەکەینەوە بەڵکوم ئیدانەی تیرۆرکردنی درەخت و ڕوبەرە سەوزاییەکان دەکەین، دەبێ هەرچی زووە ئەم تیرۆری سەوزە ڕابگیرێ، نابێ دەستدرێژییەکان لەوە زیاتر بخایەنێ، وەنابێ ڕێگە بدەین لەوە زیاتر یاری بە ژیان بکرێ.

سەرەتای کاری ڕێکخراوەیی ژینگەیی، لە باشوری کوردستان

سەرەتایی کاری ڕێکخراوەیی ژینگەیی لە باشوری کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵی نەوەدەکان، کەیەکەمین کۆمەڵەی ژینگەپارێزی بەناوی (کۆمەڵەی کوردستانیێکی سەوز) لەسەر دەستی(شەماڵ عبدالرحمن موفتی) و کۆمەڵێك هاوڕێی، لە(١٦/١٠/١٩٩١)دامەزرا، لە مانگی(٧)ی ساڵی(١٩٩٤)مۆڵەتی فەرمی وەرگرتووە، لەساڵانێکدا ئەم کۆمەڵەیە دامەزرا، دانیشتوانی باشور کوردستان، لەجیاتی بەکارهێنان و سوتاندنی نەوت، درەختەکانیان دەبڕیەوە، تا زۆپای ماڵەکانی پێ گەرم بکەن. لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەکە(شەماڵ عبدالرحمن موفتی) و (سێ پزیشك و ئەندازیارێك و پارێزەرێك و پزیشکێکی ڤێتێرنەری)لەنزیکەوە چاویان بە بەڕێز(جەلال تاڵەبانی)دەکەوێ، بەڕێزیان زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێ دەکا، ئامادەیی خۆی نیشان دەدا، بۆپاڵپشتیکردنی مەعنەوی لێیان. لە هەمان ساڵیشدا چاویان بەبەڕێز(مسعود بارزانی)دەکەوێ، ئیدی لەوکاتەوە هەست بەدەرکەوتنی ڕوناکی دەکەن لە کۆتایی تونێلەکەوە. بەهەڵبژاردنی ئازاد بۆ دوو خولی یەك لەدوایی یەك بەڕێز(شەماڵ عبدالرحمن موفتی)دەبێت بەسەرۆکی کۆمەڵەکە، چەند مانگێکی کەم تێپەڕ دەبێت و ژمارەی ئەندامەکانی کۆمەڵەکە(٣٠٠)ئەندامی خۆبەخش تێدەپەڕێنێ. هەوڵ بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری ژینگەیی ئەندامانی کۆمەڵەکە دەدەن، لە ڕێگەی بەرنامەی تۆمار کراوی ژینگەییەوە، لە چوارچێوەی کۆبونەوەی مانگانەیان، بەئەندامەکانی دەگەیەنن. کۆمەڵەکە نوێنەری دەبێ، لە ئەنجومەنی (پارێزگاری و چاککردنی ژینگە) ئەو ئەنجومەنە لەلایەن(م.جمال عەبدول)پارێزگاری ئەوکاتەی، سلێمانەوە سەرۆکایەتی دەکرا.

کۆمەڵەی کوردستانیێکی سەوز، لە ئێستا و لەرابردو، چەندین کاری گرنگی، بۆ پاراستن و گەشەپێدانی، ژینگەی کوردستان ئەنجامداوە. لە وانە (ئامادەکردنی پرۆژە یاسایی پاراستنی ژینگە بۆ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لەساڵی٢٠٠١، رێگریکردن لە وشك بون و برینەوەی هەزاران درەخت، رێگریکردن لە راوکردن، ئازادکردنی سەدان ئاژەڵ و باڵندە، ئەنجامدانی هەڵمەتی پاککردنەوە، بەستنی سەدان کۆڕ و کۆبوونەوەی ژینگەیی، هەڵمەتی وشیاری ژینگەیی، نەمام چاندن، بەستنی کۆنفرانس و دەیان خول و سیمیناری ژینگەیی)هیتر..... لەئەمرۆشدا لە سەرجەم پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارە سەربەخۆکان و قەزاو تەنانەت ناحیەکانیش، ناوەند و نوێنەرایەتی هەیە، خاوەنی(١٠)ناوەند و (١٣)نوێنەرایەتیە، سەرەکیترین سەرچاوەی دارایی، بریتیە لەو برەپارەی، مانگانە وەك هاوکاری لە مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکانی(ی.ن.ك) و پارێزگای سلێمانی وەریدەگرێت. کۆمەڵەی کوردستانیێکی سەوز(پێنج)کۆنگرەی بەستووە، کۆتا کۆنگرەشی لە مانگی(٥)ی ساڵی ٢٠١٣ە لەشاری سلێمانی بووە.

برینی هەموو ئەو قۆناغە گرنگانە، بون بەبناغەیەکی بەهێز، بۆ کاری رێکخراوەیی ژینگە لە باشوری کوردستان. چونکە توانیویەتی چەندین کادیری بەتوانا و بەئەزموون، لە بواری رێکخراوەیی حکومی و ناحکومی، لەبواری ژینگە، پێبگەیەنێ، بۆ پاراستن و چاککردنی ژینگەی کوردستان، بەشێکی زۆرییان ئەندام یان کادیری پێشوی کۆمەڵەی کوردستانیێکی سەوز بون، دیارترینیان(عبدالرحمان سدیق-وەزیری پێشوی ژینگەی عێراق) و دەیان کەسایەتی تر، کەلە رابردوو و لەئێستاشدا لە ناو فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتیە ژینگەییەکان، کاریان کردووە و کاردەکەن.

بەپێی ئاماری فەرمانگەی ڕێکخراوەناحکومیەکانی باشوری کوردستان، تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٣زیاتر لە(٨٠)ڕێکخراوی ژینگەیی تۆمارکراوە، کەبەشێکی زۆری بەرپرس و ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە تازە تۆمارکراوانە، بریتین بوون لەو ئەندام و کادیرانەی، پێشتر لەکۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز کاریان کردووە، ژمارەیەکیان تائیستاش لە ڕیزەکانی کۆمەڵە بەردەوامن، لە کارکردن بۆ پاراستن و گەشەپێدانی ژینگە. بۆیە کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز وەك بناغەیەك بۆكاری ڕێکخراوەیی ژینگەیی دادەنرێ، دەتوانین ناوی بنێین، یەکەمین قوتابخانەی پاراستنی ژینگە ، لە باشوری کوردستان.

لە گۆڤاری ڕێچکە بلاۆبوەتەوە، ژمارە(٤١) یەکشەمە(٢٦/١٠/٢٠١٤).

رێکخراوەژینگەییەکانی گەرمیان و سەرەتای دروست بوونیان

لە دوای ساڵی٢٠١٠ە، بەشێوەکی بەربلاۆ، چەندین کۆمەڵە و سەنتەر و رێکخراوی ژینگەیی دامەزران، دەڤەری گەرمیانیش شان بەشانی ناوچەکانی تری باشوری کوردستان، کاری رێکخراوەیی ژینگەیی تیایدا، کاری لەسەرکرا و چەندین رێکخراوی ژینگەیش دامەزران، سەرەتای کاری کۆمەڵە و رێکخراوە ژینگەییەکان لە دەڤەری گەرمیان دەگەرێتەوە بۆ کارکردنی (کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز-ناوەندی گەرمیان) کردنەوەی نوێنەرایەتیەکانی، لە شارەکانی خانەقین و کەلار، دوابەدوای کارکردنی کۆمەڵەکە، بەئاراستەی پاراستن و گەشەپێدانی ژینگە، لە(٢٠١٢/٦/٥) یەکەم رێکخراوی ناحکومی ژینگەیی، لەسەر ئاستی دەڤەری گەرمیان بەناوی(رێکخراوی سروشتی کوردستان)دامەزرا. دوابەدوای ئەو رێکخراوە، هەریەك لە رێکخراوەکانی (ژینگە دۆستانی گەرمیان)لە کەلار و (ئەڵوەن بۆپاراستنی ئاو)لە خانەقین و (ژینگەپارێزی گەرمیان)لە کەلار و (ژینگەپارێزی کفری)لە کفری و (نەمام بۆ گەشەپێدانی سەوزایی)لە دەربەندیخان) دامەزران.

دوابەدوای، دامەزراندنی ئەو رێکخراوانە، (تۆری رێکخراوە ژینگەییەکانی گەرمیان) لە(٢٠١٣/٨/١٤)دامەزرا. کەبوو بەیەکەمین تۆری ژینگەیی مۆڵەت پێدراو لەسەر ئاستی باشوری کوردستان. ئامانجی سەرەکی، لە دامەزرانی ئەم تۆرە ژینگەییە، کۆکردنەوەی سەرجەم رێکخراوەکانە، لە یەك بازنەی کارکردن، بۆیەکخستنی تواناکان و دروستکردنی کۆدەنگی ژینگەیی، لە سەرئاستی دەڤەرەکە و کوردستان. لەم تۆرەدا پێنج رێکخراوی ژینگەیی ئەندامی هەمیشی تۆرن، تۆرەکە بۆ دووخول دەستەی

بەڕێوەبردنی هەڵبژاردووە، لە(٢٠١٤/٨/١٧) لەشاری کەلار، یەکەمین کۆنفرانسی گشتی، بۆ هەڵبژاردنەوەی دەستەی بەڕێوەبردن ئەنجامداوە.

ڕێکخراوەکانی بواری ژینگە لە گەرمیان ، لە ڕابردودا توانیویانە، چەندین کار و چالاکی هەمەجۆر، بۆپاراستن و گەشەپێدانی ژینگە، ئەنجام بدەن لەوانە:(ڕێگری کردن لەوشك بوون و بڕینەوەی سەدان درەخت، ڕێگری کردن لەڕاوکردن، ئازادکردنی ئاژەڵ و باڵندە، هەڵمەتی پاککردنەوە و بەستنی کۆڕ و کۆبوونەوەی ژینگەیی، دابەشکردنی نەمام و ئەنجامدانی پرۆژەی وشیارکردنەوە و کەمکردنەوەی بەبیابان بون)هیتر.....
ئەنجامدانی ئەم کار و چالاکیانە، لەپێناو پاراستن و گەشەپێدانی ژینگە و گەیشتن بە ژینگەیەگی سەوز و تەندروستدابوە، بۆ تەواوی مرۆڤایەتی.

لە گۆڤاری ڕێچکە بلاَوبوەتەوە، ژمارە(٤٤) لە(٢٠١٥/٣/١).

بەکارهێنانی پاسکیل لە نێوان حەز و عەیبەدا

پاسکیل هۆیەکی گواستنەوەی باشە، دەکرێت لەجیاتی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل بۆ ڕاپەڕاندنی بەشێك لە کاروچالاکیەکانی ڕۆژانەمان سود لەبەکارهێنانی وەربگرین. لەوڵاتانی دۆستی ژینگە، تاکەکانیان بۆ چونە سەرکار و بازاڕکردن و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی ڕۆژانەیان، پشت بەبەکارهێنانی پاسکیل دەبەستن، بەردەوام خواستی بەکارهێنانی پاسکیل لەو وڵاتانە ڕو لەزیادبونە، چونکە بەکارهێنانی چەندین پاڵنەر و سودی هەیە، کە لێرەدا بەکورتی ئاماژەی بۆ دەکەم "هاوڕێی ژینگەیە، بۆ تەندروستی باشە، وەرزشە، جێگرەوەیەکی سود بەخشە، سوتەمەنی ناوێ، دژی تاسەیە، لە ئۆتۆمبێل خێراترە، لێخوڕینی ئاسانە، خەرجی کەمە، پارکینی ئاسانە".

سەرەڕای هەبونی ئەم سود و پاڵنەرانە، تا ئەمڕۆ لەکوردستان، بەکارهێنانی پاسکیل نەبووە بە نەریت. وەك پارێزەرێکی ژینگە بڕیارمدا وتارەکان بکەم بە کردار، بۆیە لەیەکەم ڕۆژی جەژن هەنگاوم بۆ بەکارهێنانی پاسکیل نا، لەو ڕۆژەدا خزم و هاوڕێکانم بەسەرکردەوە. بەردەوام بوم لەبەکارهێنانی، لەماوەی بەکارهێنانیدا، بۆم ڕون بویەوە، لەلایەن هاوڵاتیانەوە حەزێکی زۆر هەیە بۆ بەکارهێنانی پاسکیل، چونکە زۆربەی زۆری هاوڵاتیان ئەم هەنگاوەکەمیان بەکارێکی جوان و گرنگ بۆ ژینگە و مرۆڤایەتی وەسف دەکرد. هانیان دەدەم بۆ بەکارهێنانی بەردەوام. ئاماژەیان بەحەزی بەکارهێنان دەکرد، کەچی خۆیان ئامادە نەبون بڕیاری بەکارهێنانی بدەن.

زۆر شت هەن، بەکارهێنانی خزمەت بە مرۆڤایەتی دەکا، سود بە ژینگە و تەندروستی تاك دەگەیەنێت، نمونە وەك بەکارهێنانی پاسکیل، بەلاّم لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەکارناهێنرێت، بەپاساوی (عەیبە) ئەم وشەیە، دوای خستوین، زیانی بەکۆمەڵگەکەمان گەیاندووە. تەنها لەبەر ئەم وشەیە، ژیان و ژینگە و تەندروستیمان، خستوەتە مەترسیەوە! ئەمە بۆ نەبونی ڕۆشنبیری تاك دەگەڕێنمەوە.

هۆکارێکی تر نەبونی شەقام و هێڵی تایبەتە بە پاسکیل، تا ئەمڕۆ لەباشوری کوردستان هیچ هێڵ و شەقامێك بونی نیە، ئەم هۆکارەش ئاستەنگ بۆ هاتوچۆی بەکارهێنەرانی پاسکیل دروست دەکا. هەندێك جاریش ژیانیان دەخاتە مەترسییەوە. لەلایەن ژمارەیەك ئەندازیاری کوردەوە، بە بەشداری کۆمپانیایەکی هۆڵەندی نەخشە و دیزاینی شەقامی تایبەت بە پاسکیل ئامادە کراوە، بۆ چەند شەقامێکی شاری ڕانیە، بڕیارە بە پاڵپشتی حکومەت بکەوێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە. دەبێ حکومەت پلانی هەبێ بۆ دروستکردنی شەقامی تایبەت بە پاسکیل لەسەرجەم شارەکانی باشوری کوردستان، چونکە ئەم هەنگاوە هاندان لەلای تاك دروست دەکا بۆ بەکارهێنان، ژیانی بەکارهێنەرانیش لە مەترسی دەپارێزێت. بۆ ئەوەی ژینگە و ژیان و تەندروستی تاك پارێزراوبێ، دەبێ تاك وشیار بکرێتەوە و هانبدرێ بۆ بەکارهێنانی پاسکیل. تاك بەئاگا بهێنرێتەوە لە زۆربونی ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان و قەرەباڵغی و ژاوەژاوی شەقامەکان. ئەرکی وەزارەتەکانی پەروەردە و تەندروستی و ڕۆشنبیری و دەستەی ژینگە و ڕێکخراوەکانی بواری ژینگەیە، کار و پرۆژەی بەردەوامیان هەبێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری تاك.

لە گۆڤاری ئایندەی ژینگە بلاّوبوەتەوە، ژمارە(٢)لە شوباتی٢٠١٥.

دیاریکردنی ڕەنگ و هێمای ژینگە

بۆ ناسینەوەی هەر بوارێك، پێویستە ڕەنگ و هێمای تایبەت بەو بوارە دیاری بکرێ، تا ئەمڕۆ لە جیهان، هیچ ڕەنگ و هێمایەکی ستاندارد، دیاری نەکراوە، بۆ ژینگە و سروشت. لەباشوری کوردسانیش هیچ ناوەندێکی ژینگەیی کاری بۆ ئەم بابەتە نەکردووە، دوای باسکردنی ئەم بیرۆکەیەم لەگەڵ پارێزەرانی سروشت لە ڕێکخراوی سروشتی کوردستان، ڕێکخراوەکە بڕیاریدا کاری لەسەربکا. دیاریکردنی ڕەنگ و هێمای تایبەتمان بۆ بە ژینگە و سروشت بە گرنگ و بایەخدار زانی، چونکە ڕەنگ و هێما، کاریگەری لای تاك هەیە، هەبون و دیاریکردنی، گوزارشتی گرنگی بوارەکە پیشاندەدا.

ڕێکخراوەکە، ڕەنگی سەوزی وەك ڕەنگی ژینگە و سروشت دیاریکرد. چونکە ڕەنگی سەوز، ڕەنگی ڕوبەرەسەوزاییەکانە، ڕوبەرەسەوزاییەکانیش، ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگ دەبینین، لە هاوسەنگ ڕاگرتنی ژینگە و سروشت. هێمای ژینگەشمان بۆ باشوری کوردستان دانا، هێماکە ئەم ناوەڕۆك و تایبەتمەندیانەی لە خۆگرتبو: " لەشێوەی قردێلەی یەخەیە، قەبارە لاکێشەیە. ڕەنگی خاکی و سەوزە، خاکی ئاماژەیە بۆ خاك و سەوزیش ئاماژەیە بۆ ڕوبەری سەوزایی، ئاماژەشە بۆ ڕەنگی ژینگە. درێژی ١٦سانتیم مەترە، پانی ٤سانتیم مەترە و ئاماژەیە بۆ شانزەی چوار، ڕۆژی ژینگەی کوردستان. پانتایی ڕەنگە سەوزەکە، بەپێی زیادکردن و کەمکردنی ڕێژەی سەوزایی باشوری کوردستان، کەم و زیادی پێ دەکرێ، لەلایەن لیژنەیەکی ڕێکخراوی سروشتی

کوردستانەوە. بەهۆی نەبونی هیچ ئامارێکی تایبەت بەڕوبەر و ڕێژەی سەوزایی لە باشوری کوردستان، نەمانتوانی لە ئەمسالّدا ڕێژەکە دیاری بکەین.

لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لەشاری سلێمانی، وتەبێژی ڕێکخراوی سروشتی کوردستان،لە(٢٠١٧/٤/١٥)ڕەنگ و هێمای ژینگەی ناساند، دواتر پاڵپشتی ڕێکخراوەکانمان بۆ کۆکردەوە زیاتر لە(٢٤)ڕێکخراو و کۆمەڵە و سەنتەر و تۆڕی ژینگەیی پاڵپشتی خۆیان بۆ ئەم هەنگاوە دەربڕی. کەمپینێکی سەرتاسەریمان ڕاگەیاند لەژێرناوی ئەم دو هاشتاکە، لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فیسبوك #ڕەنگی_سەوز #هێمای_ژینگە. لەڕۆژی ٢٠١٥/٤/١٦ لە ڕێگەی نوێنەرایەتی و ئەندامانی خۆبەخشی ڕێکخراوی سروشتی کوردستانەوە، کەمپینەکەمان بردە ناوەندەکانی خوێندنی باڵآ، لە زانکۆکانی(سلێمانی، گەرمیان، هەڵەبجە، ڕاپەڕین، ئەمریکی-سلێمانی، گەشەپێدانی مرۆیی) پەیمانگاکانی(دوکان، دەربەندیخان، کەلار، سلێمانی). ڕەنگ و هێمای ژینگەمان بە خوێندکاران و مامۆستایان ناساند، پێشوازی گەرمی لێکرا، خوێندکاران و مامۆستایان، بەوێنە و ڤیدیۆ، پاڵپشتیان بۆ کەمپینەکەمان ڕاگەیاند.

سەروەر یاسایە، یاسا سەروەر نیە

هەر دەقێکی یاسا، کاری پێ نەکرا یاسا نیە، هەر یاسایەکیش دادپەروەری بەدینەهێنا یاسانیە. سزاش دەبێت یەکسانبێت بەرامبەر بەو تاوانەی ئەنجامدراوە. ئەگەرنا دەقی ئەو سزایە، یاسایی نیە. ئەمانە سێ وانەبون لەو وانە گرنگانەی کەلە قۆناغی یەکی، بەشی یاسا لە مامۆستاکەمەوە فێری بوم. بەلاّم لە هەمان ئەو زانکۆیەی کە فێری ئەو وانانە بوم، پێشێلی ئەو وانانەیان دەکرد کە مامۆستاکەمان فێری کردبوین. خۆشەویستی من بۆ مامۆستاکەم چاوی کوێرنەکردبوم، عەقڵی لێ وەرنەگرتبومەوە، کە نەتوانم هەڵسەنگاندنێکی ژیرانە بۆ وانەکانی مامۆستا و بڕیاری زانکۆ بکەم.

تێگەیشتنێکی خێرا و قوڵم لادروست بو، گەیشتم بەو باوەڕی، جگە لەخاوەنی ئەستێرەکان، هیچ مرۆڤێك ناتوانێ، دادپەروەری ڕەها بۆ مرۆڤەکانی تر بەدیبێنێ. ئەوانەی ئەمڕۆ لە باشوری کوردستان، بانگەشەی دادپەروەری دەکەن، دوڕوترین مرۆڤن. گێلترین مرۆڤیش ئەو مرۆڤانەن داوای دادپەروەری لە مرۆڤەکان دەکەن، ڕەنگە هەر خۆم یەکێك بم لەو گێلانە، کە داوای دادپەروەریم لەدەسەلاّتی دادوەری کرد بۆ سروشت، بەلاّم نەك تائێستا نەیان توانیوە دادپەروەری بۆ سروشت بەدیبێنن، بەڵکوم پێشێلی بنەماکانی دادپەروەریان کرد و لە زینداریان توند کردم. لەچی جیهانێکی دادپەروەریدا هەبووە؟ سکالای تۆمەتبارێك بە کوشتنی ئاژەڵێکی کێوی، کە دو بەچکە لەناوسکیدا بووە، بتوانێ پارێزەرێکی مافی ئاژەلاّن بخاتە زیندانەوە؟ لەچی جیهانێکی دادپەروەریدا هەبووە؟ دەسەلاّتی دادوەری لەسەر داوای بەدیهێنانی دادپەروەری دۆسیەیەکی ترت لەسەر بکاتەوە؟ لەچی جیهانێکی دادپەروەریدا هەبووە؟

داوا لەداواکاری گشتی بکەی بە ئاگابێتەوە، کەچی سکالاَت لەسەر بجولێنیٚ؟ لەڕێگەی ڕێکخراوەکەمانەوە، بەدەیان بەڵگە و دۆسیەی گرنگم لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و گەڕانەوەی ماف بۆ بێ زمانەکان و بێ چاوەکان و بێ گوێچکەکان ئاراستەکردون. ئەو دۆسیانەش بریتی بوون لە: گواستنەوەی نەوت لەڕێگەی تەنکەر کە وەرگەڕاون و نەوتەکەیان ڕژاوەتە سەرخاك و تێکەڵ بە ئاو بوە و چەند حاڵەتێکیشیان ئاگری گرتوە، پیسبونی سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە بەهۆی ئاوەڕۆی شار و نەخۆشخانە و کارگەکانی ئاسن و پاڵاوتگەکانی نەوت، کانەکانی دەرهێنانی بەرد لەناو ڕوبەرە سەوزاییەکان، کارگەکانی دەرهێنانی چەووڵم لەسەر ڕوبارەکان، کارگەکانی هاڕینی بەرد و گەچ لەناوەندی شار، فڕێدانی زبڵ و خاشاك لەلایەن شارەوانی و نەبونی سیستەمی دوبارەبەکارهێنانەوەی خاشاك، دیاردەی ئاژەڵداری، بڕینەوەی درەخت، لەناوچونی سامانی ماسی، ڕاوکردنی بەردەوامی ڕاوچیە یاسا شکێنەکان هیتر... ئەگەر توانیویانە ئەم دۆسیانە بجولێنن و لەبەرژەوەندی گشتی کۆتای پیٚ بهێنن ئەوا ئاسای و یاساییە، لەسەر بەکارهێنانی وشەی "هیچ لەگەڵ پوچ" و "دادوەرەکان ناتوانن دادپەروەری بۆ سروشت بەدیبهێنن" نەك سکالاێەك دە سکالاٚمان لەسەر بجولێنن، نەك یەك ملیۆن دیناری عێراقی داوای سەد ملیۆن دیناری عێراقیمان لیٚ بکەن، نەك یەك کەفیل داوای هەزار کەفیلمان لیٚ بکەن. ئەگەر نا، جولاٚندنی هەر سکالاێەك سەروەری یاسا دەخاتە ژێرپرسیارێکی گەورەوە.

هیچ یەکێك لەو دادوەر و داواکاری گشتی و پارێزەرانەی کە بانگەشەی سەروەری یاسا و دادپەروەری دەکەن نەیانتوانیوە دۆسیەکان بجولێنن یان لەبەرژەوەندی گشتی کۆتایی پیٚ بهێنن. بەلاٚم ئامادەن دۆسیەت لەسەر بکەنەوە ئەگەر بە ئاگایان بهێنیتەوە! ئیتر

چۆن دەتوانن باوەڕمان پێ بهێنن کە یاسا سەروەرە؟ چۆن دەتوانن متمانەمان لەلا دروست بکەن کەدادپەروەرن؟ چۆن دەتوانن بۆمان بسەلمێنن کە بوێرن، بەرامبەر بە مافیاکانی سروشت؟

دەپرسم کێ بەرپرسە لەپیسبونی سەرچاوەکانی ئاو و ڕەگەزەکانی هەوا و خاك؟ ئایا مردنی مرۆڤەکان و ئاژەڵ و باڵندەکان بەهۆی ئەم پیسبونانەوە تاوان نیە؟ لەیاسادا بەتاوان دانەنراوە؟ دادوەر و داواکاری گشتی بۆ ئەم دۆسیانە چیان کردووە؟ خۆئەگەر یاسا سەروەر بوایە، ئەوا گومانی تێدانیە داوای سەروەری یاسامان نەدەکرد. خۆ ئەگەر دادپەروەری بۆ سروشت بەدیهێنرابایە، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەیڵێم داوای دادپەروەریمان نەدەکرد؟ بەڵام لەکام جیهانی دادپەروەری و سەروەری یاسادا هەبوە و هەیە، پرسیارکردن و داواکاری و ڕەخنەگرتن و فشاکردن، بەتاوان هەژماربکرێت؟ زیاتر لە چارەکە سەدەیەکە خەباتی ژینگەپارێزی لە باشوری کوردستان دەستی پێکردووە، گومانم نیە ئەم خەباتە، دەبێ بگا بە ئامانج، بۆ گەیشتن بە ئامانج، شۆڕشی دەوێ، شۆڕشیش بەبێ قوربانی نابێ، چەندین ساڵ بەرلە ئێستا ڕامانگەیاند: ئێمە ئامادەین لە پێناو پاراستنی ژینگە هەمو شۆڕشێك بەرپا بکەین، بۆ هەر قوربانیەکیش پێویست بێ ئامادەین، تەنانەت ئەگەر بە گیانیشمانبێ. بۆیە نەزیندانەکان و نەهەڕەشەی مافیاکانی سروشت نامان ترسێنێ، چونکە ئێمە ئامادەین بۆ مردن!

داواله شارەزایانی ڕێزمانی کوردی دەکەم، ئەم دو وشەیە شیبکەنەوە، داوا لە یاساناسانیش دەکەم پێمان بڵێن لەفەرهەنگی ئەواندا ئەم دو وشەیە مانای چیە؟ "هیچ لەگەڵ پوچ". دەبێت دەسەڵاتی ڕێکخراوەکان و پارێزەرانی سروشت ڕێز لێ گیراوبێ.

دەسەڵاتی دادوەری بەتەنها دەسەڵاتێکە، دەسەڵاتی ڕێکخراوەکانیش بەتەنها دەسەڵاتێکە. ئەگەر بڕیارە ڕێز لە دەسەڵاتی ڕێکخراوەکان نەگیرێ؟ ئەوا ئەرکە ڕێز لە دەسەڵاتی دادوەریش نەگیرێ؟ چونکە هەردو دەسەڵاتەکە بەیاسا لەلایەن پەرلەمانەوە ڕێکخراوە، ئەگەر ڕێز نەگرتن لەدەسەڵاتی دادوەری تاوان بێ، ئەوا ڕێزنەگرتن لەدەسەڵاتی ڕێکخراوەکانیش تاوانە! چونکە پێشێلکردنی یاسایە و نادادپەروەری دروست دەکات.

زۆر بەباشی لە فەلسەفەی حکومڕانی باشوری کوردستان تێگەیشتوین، کەچەندە بێ باك و بێ هەڵوێستە بەرامبەر تاکەکانی ئەم گەلە. هەر لەبەر ئەوەیە هەمان ئەو وتەیەی ئینگلیزمان پەیڕەو کردووە کە دەڵێ: پێش ئەوەی بپرسیت ئەم وڵاتە چی پێشکەش بەتۆ کردووە، تۆ لەخۆت بپرسە چیت پێشکەش کردووە؟ ئەم تێگەیشتنەی ئێمە ڕەنگە هەمان تێگەیشتنی تاکەکانی تری کۆمەڵگا نەبێ، بۆیە ئەگەر دەسەڵات بەهەمو ناوەندەکانیەوە لە باشوری کوردستان، گۆڕانکاری بەسەردا نەیەت، گومانم نیە دەڕوخێ. یەکێك لە هۆکارەکانی ڕوخانی، نەبونی یاسایە.

پێدەچێ ئەم بابەتەش دۆسیەیەکی تربێ دژم بکرێتەوە. چونکە دەقی یاسا تۆز لێ نیشتوەکان وادەڵێ، بەڵام وەك مامۆستاکەم فێری کردم هەر یاسایەك دادپەروەری بەدی نەهێنا ئەوە یاسانیە، بۆیە من بەڵێنم بە "مێرولە، سەگ، پشیلە، گوێدرێژ، مار، چۆلەکە، گیا، درەخت و گوڵ" داوە، کە دەبێت دادپەروەریان بۆ بەدیبهێنم. لەگەڵ مرۆڤە ڕۆح سەوزەکانیشدا بڕیارمانداوە نەمرین، تا جیهانێکی نوێ دەخولقێنین کە یاسا تێیدا سەروەربێ، مرۆڤ تێیدا خاوەنی کەرامەت بێ، دادپەروەری بۆ سروشت

بەدیبێ. بۆیە هەرگیز هەڵەیەکی وا دوبارە ناکەینەوە، کە داوای دادپەروەری لەمرۆڤەکان بکەین، بەڵکوم جیهانێك لە دادپەروەری دروست دەکەین.

لە(٢٠١٧/٨/٢٧)نوسراوە.

لە گۆڤاری ڕێچکە بلاّوبوەتەوە ژمارە(٥٨) لە ساڵی(٢٠١٧).

نامەی یەکەم لە زیندانەوە

خەبات و تێکۆشانی ڕابردومان بۆ ئەوەبو، لەڕێگەی یاساوە سنور بۆ تاوانبارانی ژینگە دابنێین، ئێستاش باوەڕمان وایە دەبێ هەر لە ڕێگای یاساوە کۆت و بەندی دەستدرێژییەکان بکەین. پیاوانی یاسا دەبێ کەسانێکی بوێر و ئازا و ئازادبن. دەبێ یاسا بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری بچەسپێنن. ئەگەر وانەکەن ئەوا بەرپرسیاردەبن بەرامبەر خودا و گەل و سروشت. نەخودا نادادپەروەری قبوڵ دەکا، نە گەل شایەنی نادادپەروەرییە. ئەی من لەم زیندانەدا چی دەکەم؟ تاوانی من چیە؟ ئەگەر تاوانی من بەرگری کردنە لەمافی ئاژەڵان ئەوا دانی پێدا دەنێم تاوانبارم.

مرۆڤە ڕۆح سەوزە سروشت پارێزەکان، بۆ ژیانی درەختێك ماتەم دەگێڕن، بۆ کوشتنی سەگێك شیوەن دەگێڕن، ئەی پێم ناڵێن چۆن دەتوانن بیر لەتاوان بکەنەوە؟ ماوتانە زۆرتان ماوە ئاشنای رۆحە سەوزەکانی ئەم نیشتیمانە بن. ئێوە لەجیاتی نوشتانەوە بۆ بۆنکردنی گوڵ، ژیان لە گوڵ وەردەگرنەوە. ئێمە فێری خۆشەویستی گوڵتان دەکەین، ژیان بەگوڵ دەبەخشین، وا دەکەین گوڵەکان بەجوانی و گەشی و بۆن خۆشی بمێننەوە. ئایا لە فەرهەنگی ئێوەدا ژیان بەخشین بەگوڵ تاوانە؟ ئەگەر بەخشینەوەی ژیان بەگوڵ تاوانە، ئەوا دانی پێدادەنێم تاوانبارم.

زیندان شوێنی ئێمەی ئاژەڵپارێز و گوڵپارێز نیە. هاوکێشەکە هەڵەیەکی گەورەی مێژوی تێدایە. دەبێ ئەو هاوکێشەیە ڕاست بکرێتەوە، ئەگینا مێژو ڕەحمتان پێ ناکا، سروشت بێ بە زەی دەبێ بەرامبەرتان، نەوەکانی داهاتو هەرگیز شانازیتان پێوە ناکەن. ئەگەر ئاژەڵەکان وەك مرۆڤ ئیرادەیان هەبوایە، گومانم نیە لەچیاکان دەهاتنە

خوارەوە، دەشتە دور مەوداکانیان دەبڕی، سنوری مافیاکانی سروشتیان تێدەپەڕاند، تەنها بۆ ئەوەی پێتان بڵێن لەهەڵەیەکی گەورەی مێژویدان.

بە تەنها پەیڕەوکارانی ئاینە جیاوازەکان نین، مرۆڤ لەتاوان دور دەخەنەوە، بەڵکوم سەرکردە و پارێزەرانی سروشتیشن، ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەریان لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا هەبوە و هەیە، بۆ کەمکردنەوەی تاوان، بۆ گۆڕینی تۆڵەکردنەوە بە لێبوردن، بۆ گۆڕینی ڕق بەخۆشەویستی، ئەگەر خەباتی چەندین ساڵەمان هیچ شتێکی بۆ ژینگە بە دەست نەهێنابێ، لایەنی کەم ناوەندێك بووە بۆ دورخستنەوەی تاك لە تاوان. کەوایە سەرکردە و پارێزەرانی سروشت نەئاشنای تاوانن، نە هەرگیز بیر لەتاوان دەکەنەوە. ئایا بڕیارەکانی ئێوە چی شتێکی لە بیر و کار و کردەوەی تاکدا گۆڕیوە؟ ئایا تاکێکی تاوانباری گۆڕیوە بۆ ئەوەی لەدوای ئازاد بونی تاوان ئەنجام نەدا؟

ئێمە بەردەوامین لە گۆڕانکاری، چالاکییەکانمان لە فۆڕمێکی کلاسیکەوە گۆڕی بۆ فۆڕمێکی نوێ، کارمان گۆڕی بۆ خەبات، خەباتیش دەگۆڕین بۆ شۆڕش. بەخۆشەویستی و دڵسۆزییەکی ڕەهاوە ئامادەبوین بۆ هەمو قوربانیەك. خۆشەویستی و دڵسۆزی و قوربانیدان بنەمای لەپێشینەی کاری ئێمەن، بەراوردی کار و ئەرك و بەرپرسیارێتیەکان بکەن، جیاوازییەکی گەورەی هەست پێکراوتان بۆ دەردەکەوێ. ئێوە نەك لە گۆڕانکاری، تەنانەت لە وشەش دەترسن، هێزی وشەکانمان ترساندونی، ئیدی چۆن لە هێزی کار و کردەوەمان ناترسن؟

ئەگەر بەتەنها ئەرکی ئێوە جێ بەجێ کردنی دەقە تۆزلێ نیشتوەکانی یاسایە، ئەوا ئەرکی ئێمە گۆڕینی خودی ئێوە و تەواوی ئەو دەقە تۆز لێ نیشتوانەیە، کە تەنها بەسەر کەسانی بێ هێز لەڕوی دەسەڵاتی سەربازی و پارەوە جێ بەجێی دەکەن، ئێوە کێشەتان لەگەڵ ئێمە نیە، ئێمەین کێشەمان لەگەڵ ئێوە و سیستەمە بێ ماناکەتان هەیە. نەبڕیاری نادادپەروەرانەتان و نەدیواری زیندانەکان ناتوانن ئیرادەی ئێمە تێکبشکێنن، ئەگەرچی جەستەتان زیندانی کردوین، بەڵام هەرگیز ناتوانن بیر و ئیرادەمان زیندانی بکەن، زیندان چیە؟ ئێمە ئامادەین گیانی خۆمان ببەخشین لە پێناو دروستکردنی جیهانێك لە دادپەروەری بۆ سروشت. بە بەخشینی گیانمان، مێژوییەك دروست دەکەین بۆ هەمیشە بەنەمری لەڕۆح و دڵ و چاوی نەوەکانی داهاتوماندا بمێنینەوە.

لە (٢٠١٧/٩/٩)لە زیندان نوسراوە.

لە ڕۆژنامەی ژیان بلاۆبوەتەوە، ژمارە(١٧)یەکشەممە (٢٠١٧/١٠/٢٩).

نامەی دوهەم لە زیندانەوە

لەسەر ڕۆحی بزنێکی کێوی و دو بێچوەکەی، لە بەڕێوبەرایەتی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی زیندانی کراوم! چۆن دەتوانم چاوپۆشی لەمافی مرۆڤ و مافی زیندانیەکانی ئەم زیندانە بکەم؟ هەرچەندە باوەڕم وایە لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە مافی ئاژەڵ و باڵندە و خشۆك پێشێل بکرێ، گومانی تێدانیە مافی مرۆڤیش پێشێل دەکرێ. چەند بارە دەی نوسمەوە دەبێ فێربین دەست نەبەین بۆ باڵی پەپولە، بۆ بۆنکردنی گوڵ بنوشتێینەوە، باوەڕمان بە یەکسانی ڕۆحەکان هەبێ، ئەگەر فێربوین بەها بە مێرولە ببەخشین، فێریش دەبین بەها بە مرۆڤ ببەخشین. تۆی خوێنەری ئەم نامەیە ئاگات لە دۆخی خراپی گوێدرێژەکان هەیە؟ دەزانی لەچەند مانگی ڕابردو لە زانکۆیەکی پایتەختی باشوری کوردستان جەلادێك سەگێکی کوشت و هەڕەشەی لەسەگەکانی تریش دەکرد؟ ئایا دەزانی دەسەلاَت تیمی لەناوبردنی گوێدرێژ و سەگ و پشیلەی دامەزراندووە؟ تۆ وەك مرۆڤێکی ڕۆح لەبەر هەستت چیە بەرامبەر ئەو ڕۆح لەبەرانەی تر؟ ڕاشکاوانە لەم نامەیەدا دەنوسم مافی مرۆڤ لەباشوری کوردستان، تەنها دو وشەی بێ کەڵك و بێ مانایە،هیچ شتێك نیە بەناوی مافی مرۆڤەوە. لەڕێگای نوسینی ئەم نامە و نامەی دواترەوە، کۆمەڵێك زانیاریتان دەربارەی ڕەوشی زیندان و زیندانیەکان بۆ دەخەمەڕو. مەبەستم لە نوسینی ئەم نامەیە گۆڕینی بیروباوەڕی تۆیە بەئاراستەی پاراستنی مافی ئاژەڵ و سروشت و مرۆڤ.

لەهۆڵی ژمارە یەك زیندانی کراوم، کوڕێکی گەنجی جوانی هەڵەبجەیی لێیە، بەتۆمەتی شکاندنی پەیکەر زیندانی کراوە، لە جیاتی پەیکەرەکە، لە زیندان کوڕەیان کردووە بە

پەیکەر! بەیانیان کەلەخەو هەڵدەسیٚ دەچیٚتە چوار دیواری شویٚنی خۆشتنەکە و بەپیٚوە ڕادەوەستیٚ تا ژەمە خواردنی نیوەڕۆ، دوای خواردنیش دەگڕیٚتەوە بۆ ناو چواردیوارەکە و بەپیٚوە ڕادەوەستیٚ تا ژەمەخواردنی ئیٚوارە! شەوانیش کلاٚشی زیندانیەکان کۆدەکاتەوە و دەیخاتە ناو سەتڵە ئاویٚکەوە! بەتیٚگەیشتی من و تیٚگەیشتنی بەشیٚك لە زیندانیانی ئەم هۆڵە، کوڕە گەنجەگەکە نەخۆشی دەرونی و جەستەی هەیە، بەهۆیەوە لەدۆخیٚکی خراپدا ڕۆژەکانی زیندان بەسەر دەبا. ئەگەر تیٚگەیشتن و وتەی چەند زیندانییەك نەبوایە، خاوەنی هەریەکیٚك لەو کلاٚشانە، لەدوای دەرهیٚنانەوەی کلاٚشەکانیان، کوڕە هەڵەبجەییەکەیان دەخستە شویٚنی تاکە کلاٚشەکان! دوای ڕۆژیٚك و لەسەر داوای نویٚنەری زیندانییەکان، پۆلیس کوڕە هەڵەبجەییەکەی گواستەوە بۆ هۆڵی ژمارە دو. دوای کاتژمیٚر دوانزە و نیوی شەو بو، لەناڵە و هاوار و زرمەی پیاکیٚشان بەدیواردا خەبەرم بویەوە. دوای چەند خولەکیٚکی دریٚژ، پۆلیسی زیندانەکە دەرگای هۆڵی ژمارە دوی کردەوە، پرسیارم کرد ئەو ناڵە و هاوار و پیاکیٚشانە چی بو؟ یەکیٚك لە زیندانیەکان لە وەلاٚمدا وتی: کوڕە هەڵەبجەییەکەیە و لیٚدانیٚکی زۆر خراپی خواردووە، ڕەنگە زیندانییەکانی هۆڵەکەی توڕەکردبیٚ. (مافی پەیکەرەکان زیاترن لە مافی مرۆڤ)

زیندانیەکی خەڵکی چەمچەماڵی لیٚییە، لەسەر تۆمەتی کوشتنی مرۆڤ حەڤدەمانگی تەواوە بەکاتی زیندانی کراوە. دواندم، وتی: دانم بە تاوانەکەدا نەناوە و هیچ بەڵگەیەکیش نیە بیسەلمیٚنیٚ کە تاوانبارم. وتی: ماوەی زیاتر لە مانگ و نیویٚك لە ئاسایش دەستبەسەرکرام، خرامە ژوری تاکە کەسییەوە، هەموجۆرە ئەشکەنجە و ئازاریٚك درام! چەندین جار برام بۆ بەردەم دادوەر بەلاٚم تۆمەتەکەم ڕەتکردەوە، چونکە

بێ تاوانم. بێ تاوان بێ یان تاوانبار بۆ لێکۆڵینەوەی بەجێ دەهێڵم، هەرچیەك بێ چۆن دەبێ لەماوەی حەڤدەمانگی تەواودا دۆسیەکە یەکلا نەکرابێتەوە؟ (چەند بێ بەهایە مرۆڤ).

لە دەستوری عێراقی ساڵی٢٠٠٥دا هاتووە: (تۆمەتبار بێ تاوانە تا ئەو کاتەی تۆمەتبارکردنەکەی دەسەلمێنرێت لە دادگایەکی یاسایی دادپەروەرانەدا). باوەڕم وایەلە باشوری کوردستان هەمو تۆمەتبارێك تاوانبارە، پێش ئەوەی تۆمەتبارکردنەی بسەلمێنرێت لە دادگا. بۆیە پێویست بە لێکۆڵینەوە و دانیشتنی چەندین جارەی دادگا ناکا، ئەگەر سکالاکەر لەڕوی هێزی سەربازی و پارەوە لە تۆ بەهێزتربو، هەرگیز چاوەڕێی دادپەروەری و سەروەری یاسا مەکە. (دەقی یاسا حکوم ناکا، هێز حکوم دەکا).

لە(٢٠١٧/٩/١٣)لە زیندان نوسراوە.

لە ڕۆژنامەی ژیان بلاْوبوەتەوە، ژمارە(٢٠) یەکشەممە (٢٠١٧/١١/١٩).

نامەی سێیەم لە زیندانەوە

تەواوکەری نامەی دوهەم. زیندان بۆ دابڕینی تاکە لە کۆمەڵگا، بە ئاراستەی دروستکردنی گۆڕانکاری لە بیر و کار و کردەوەیدا. ئەگەر زیندانی کردنی تاك نەی توانی ئەم مەبەستە بپێکێ، ئەوا کێشەیەکی گەورە بونی هەیە. زیندانیەك لەسەر کێشەی خێزانی دەستگیرکرا، دوای چوار ڕۆژ لەزیندان ئازاد کرا، دوای سێ ڕۆژ لە ئازادکردنی گەڕایەوە بۆ زیندان،خۆی بۆی گێڕامەوە ، لە زیندان چوەتە دەرەوە، بەتەلەفون هەڕەشەی لە خاوەن نوسینگەیەکی زەوی و زار کردووە، خاوەنی نوسینگەکە سکالای لەدژ تۆمارکردووە، بەهۆیەوە دەستگیرکراوە. چەندین نمونەی تری لێیە کەسێکی تر لەسەر شەڕکردن دەستگیرکرابو دواتر ئازادکرا، دوای تەنها دو ڕۆژ هێنایانەوە بۆ هەمان زیندان،کە چوبوە دەرەوە شەڕی تری کردبو.

ژینگەی هۆڵی زیندانەکە، ژینگەیەکی نادروستە، هەلی ئەنجامدانی تاوانت بۆ دەڕەخسێنێ. مامەڵەی پۆلیس و دادگا، هەستی تاوانباربونت لا دروست دەکا، وات لێ دەکا تاوانباریش نەبی، هەست بەتاوان بکەی، ئازاردانی ڕۆحی و جەستەیی و دەرونی ئەو هەستەت لادروست دەکا. تاوانێکی سوکت ئەنجامداوە، هەستێکت لا دروست دەکەن بیر لە تاوانی گەورەتر بکەیتەوە. لەگەڵ دو پۆلیس لەتاقیکردنەوەی بەشی یاسا، لە زانکۆ گەڕاینەوە بۆ زیندان، لەبەشی قەڵەم، لە چاوەڕوانی ڕۆتیناتدا هێشتمیانەوە، لەو ماوەیەدا زیندانیەکیان هێنا، بەمەبەستی ڕەوانەکردنی بۆ بەشی مادە هۆشبەرەکانی ئاسایش، پێشتر بە تۆمەتی تاوانێکی سوکتر دەستگیرکرابو،بەڵام لەناو زیندان و بەوتەی کارمەندێکی پۆلیس، مادەی هۆشبەری بۆهێنراوەتە ژورەوە،

واتە تۆمەتبارکراوە بە تاوانێکی قورستر لە تاوانی پێشتر. با ناوەندەبێ ئیشەکانی زانستی تاوانناسی، بێن لەم زانیارییانە بکۆڵنەوە، بزانن ئەو کەسەی تاوانێکی ئەنجامداوە پێشنەی تاوانی هەبوە یان نا؟ تاوانی ڕابردوی سوکتربوە یان تاوانی دواتری؟

پۆلێنکردن و جیاکاری نیە بۆ کەسانی تۆمەتبار بە تاوانێك، تۆمەتبارانی "کوشتن، سپی کردنەوەی دراو، دزی، شەڕکەر، کێشەی خێزانی، بەدڕەوشتی" هەمو ئەمانە لە یەك شوێندان. ئەگەر ژیر و وریا نەبی، کورد وتنی نەك سمێڵ ڕیشیشت دادەنێی. بەڵام کەسانی پلەدار و سەربازی هۆڵی تایبەتیان بۆ جیاکراوەتەوە. جیاکاری کراوە لەنێوان بەشێکی تر لەم زیندانیانەی کە لەناو زیندانەکە یان لە دەرەوەی زیندانەکە پشتگیری دەسەڵاتێك یان دەسەڵاتدارێکیان هەیە. جیاکارییەکەش لەوەدایە کاتی چونەبەرخۆر و مانەوەیان لەدەرەوەی هۆڵی زیندانەکە بەخواستی خۆیانە، مۆبایلیان پێیە و هێڵی ئەنتەرنێتیان لە بەردەستدایە. دەسەڵاتی گواستنەوەی تۆیان هەیە لە هۆڵێکەوە بۆ هۆڵێکی تر!

هۆڵی زیندانیەکان کەمن، ژمارەی زیندانیەکانیش زۆر، لە هەر هۆڵێکی ئەم زیندانە زیاتر لە پەنجا زیندانی لێیە، کۆی زیندانیەکان بەنزیکی پێنج سەد زیندانییە، بۆ نوستنی شەوانە بە ئەستەم دەتوانی شوێنی خۆت بکەیتەوە، هەمو لەتەنیشت یەکەوە ڕاکشاون ، جوت بون، تەنها دەتوانی لەسەر یەك لا بخەوی، وەك ئەوە وایە لەناو سندوقێکی داخراودابی. بەتانی تایبەت نیە بۆ زیندانیەکان، ژمارەیەك بەتانی دانراوە، هەر زیندانیەك دەتوانێ بەکاری بهێنی،بەلایەنی کەمەوە ڕۆژانە پێنج زیندانی ئازاد دەکران و پێنج زیندانی نوێ دەهێنران، هەمان ئەو زیندانیانەش ئەو بەتانیانە بەکار

دەهێنن، کە پێش ئەوان زیندانی تر بەکاری هێناون. بۆ ماوەی زیاتر لە شەش مانگی تەواوە هیچ یەکێك لەم بەتانیانە نەشۆراوە! بە پاساوی ئەوەی هیچ ئامێر و شوێنێکی تایبەت نیە بۆ شۆردن؟ بەشێك لە زیندانییەکان توشی نەخۆشی پێست بون، لە زیندانیەکانی تر جیاکراونەتەوە، ڕۆژانە بە جیا دەکرانە بەر خۆر، بە چاوێکی سەیر و بەناوێکی جیاوازەوە بانگ دەکران، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر دەرونیان جێ هێشتبو. زۆربەی زیندانیەکانی تریش باری جەستەیی و بەتایبەت دەرونیان لە دۆخێکی خراپدایە، بەدرێژای ئەم ڕۆژانەی من لێرەم هیچ توێژەرێکی کۆمەلاّیەتی و هیچ ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤ و تەنانەت داواکاری گشتیشم چاو پێ نەکەوت! جگەلە نوێنەرانی نوسینگەی مافی مرۆڤی سلێمانی نەبێ، لەسەرەتای زیندانی کردنم بەتایبەت سەردانیان کردم، ئەوکات ئەم زانیاریانەم نەدەزانی.

بێن لەچاوی زیندانەوە سەیری مافی مرۆڤ و دادپەری و یاسا بکەن. بێن سەیری مرۆڤ بکەن لەجیاتی پەیکەر دانراوە. بێن بۆ زیندان بۆ ئەوەی فێر بن نەفرەت لە دەسەلاّت بکەن، دڵنیام ئەگەر هەریەکێك لەئێوە، لەچاوی زیندانەوە سەیری دەسەلاّت بکا، نەك جارێ هەزاران جار تف لەم دەسەلاّتە دەکا. تێدەگا د.فەرهاد پیربالّ بۆچی میزی بە دیواری دادگادا کرد. تێدەگا گەرمیانیەکان هەڵە نەبون، پێلاّوەکانیان بەڕوی دادوەرەکاندا بەرزکردەوە. تێدەگا حاکم ناز لەدوای **٢٧**ساڵ لە پیشەی پارێزەرایەتی، هەڵەی نەکرد وازی لەو پیشەیە هێنا، درۆی نەکرد وتی: یاساهەموی درۆیە.

لە(٢٠١٧/٩/١٣)لە زیندان نوسراوە.

لە ڕۆژنامەی ژیان بلاّوبوەتەوە، ژمارە(٢٣)یەکشەممە(٢٠١٧/١٢/١٠).

نامەی چوارەم لە زیندانەوە

چەند ڕۆژێك پێش دەستگیرکردنم، چاوم کەوت بە هەڤاڵێکی ئێن ئۆکەی، گفتوگۆمان کرد لەسەر سکاڵای یەکەم و سکاڵاکەی داواکاری گشتی، ئەو هەڤاڵە پێی وتم: دەزانی ئەگەر دەستگیربکرێی زۆر بەناو بانگ تر دەبی!! نیگەران بوم لەم دەربڕینە، بەمەبەستەوە پێم وت: دەقی ئەو نوسینەی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فیسبوك پۆستم کردووە، بەهۆیەوە سکاڵام لەدژ جوڵێنراوە، کۆپی بکە و ناو و پلەی ڕێکخراوەیتی بۆ زیاد بکە و بلاوی بکەرەوە، کە چومە بەردەم لێکۆڵەری پۆلیس، پێی دەڵێم ئەو نوسینەی پۆستم کردووە، سەرەتا لەلاپەڕەی فلان کەسەوە وەرم گرتوە! شۆك بوو وتی: نانا، بەقوربانت بم شتی وا نەڵێی، نامەوێ بڕۆمە زیندان؟! زۆر بەجدیشی بو!

ئەگەر خودی تۆ بەباوەڕێکی تەواو و نیەتێکی پاکەوە، کەسێکی خزمەتگوزاربی، خۆشەویستی خەڵکی بەدەست دەهێنی. ئەگەر بەدەستیشی بهێنی، نیەتێکی پاکت نەبێ، باوەڕی تەواوت بەخۆت و ئامانجەکەت نەبێ، لەدەستی دەدەی. خەڵکی ئامادەن ڕێگا ئاسانەکان بگرنەبەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان یان بۆ بەدیهێنانی خەونەکانیان. بەلام ئامادەنین قوربانی بدەن! ئامانجی گەورە، خەونی گەورە، قوربانی گەورەی دەوێ. باوەڕم وایە هیچ شتێك بەبێ قوربانی بەدی نایە، ئەگەریش بەدی بێ، بەدیهێنانێکی پوچە.

بۆ یەکەمجار لەم زیندانەچاوم کەوت بە ئەفسەری سزادراو ملازم فەرامۆش، ملازم فەرامۆشی ڕانیە ئەو مرۆڤە بوێر و ئازایە بو، لە خۆپیشاندانەکانی کۆتای

ساڵی٢٠١٦بەجلوبەرگی سەربازییەوە، لە چاوپێکەوتنێکی ڤیدیۆیدا، هێرشی توندی کردە سەر دەسەڵات، بە کۆیلە و دز و تالاّنچی ناوی بردن، داوای ڕاپەڕین و شۆڕشی کرد لە دژی زوڵم و ستەم. تەنها لەسەر وتنی حەق و داکۆکیکردن لە مافی گەل، وەستانەوەی دژی دز و مافیاکان. سزادرا بەشەش مانگ زیندانی! ملازم فەرامۆش مرۆڤێکی ئارامگر و خاوەن ئامانجە، بە باوەڕە و خاوەن نیەتێکی پاکە. دژی گرتنەبەری ڕیگای ئاسانە. باوەڕم وایە ئامادەی قوربانی زیاتر و تەنانەت بەخشینی گیانە.

چەندجارێکی تر چاومان بەیەك کەوتەوە، لەو چاوپێکەوتنانە بیروڕامان ئاڵوگۆڕکرد، بۆی گێڕامەوە وتی: لەسەر ئەو قسانەی کردبوم، دژی ستەمکارانی دەسەڵات و دز و تالاّنچیەکانی نەوت و سامانی ئەم گەلە، دادگایی کرام. لە دادگا بە دادوەرەکەم وت: لێکۆڵینەوە لە دزی و تالاّنکردنی سامانی ئەم وڵاّت ناکەن؟! ئەوانەی دەمانکوژن و ستەمان لیٚ دەکەن سزایان نادەن؟! کەچی لەسەر بەکارهێنانی وشە، دژی دز و ستەمکاران، ڕاپێچی زیندانم دەکەن؟! ئەمە کەی دادپەروەرییە؟

لە ئەمڕۆی باشوری کوردستان،لەپێناو مافی گشتیدا، هیچ کەس ئامادە نیە دەست لە بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی هەڵگریٚ! کیٚ هەیە دەست هەڵگریٚ لە پلە و موچە و خوێندنی بەرز و بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی؟ کیٚ هەیە لە دوری منداڵ و خێزانەکەی بژی و زیندان قبوڵ بکا؟ هیچ کەس ئامادە نیە، جگە لەمرۆڤە خەباتگێڕە قارەمانەکان نەبیٚ. لە هۆڵەکانی ئەم زیندانە بەنزیکی پێنج سەد زیندانی لێیە، بەلاّم هیچ یەکێك لەم زیندانیانە، لەسەر داکۆکیکردن لە مافی گشتی زیندانی نەکراون،بەڵکوم

سەرجەمیان لەسەر مافی تایبەت و دەستدرێژی کردن بۆ مافی گشتی زیندانی کراون، جگەلە ملازم فەرامۆشی خەباتگێڕی قارەمان نەبێ.

ئازایەتیە بەتایبەت لە ئەمڕۆدا، خاوەنی پلە و موچە و خوێندن و بەرژەوەندی و منداڵان و خێزان بی، دەستیان لێ هەڵگری لەپێناو ماف و بەرژەوەندی گشتی. ئامادەبی بچیتە زیندانەوە. ئامادەی قوربانی زیاتریشت بی. قارەمان و خەباتگێڕی سەردەمن ئەوانەی بەم جۆرە قوربانی بە گیان و ڕۆح و دڵیان دەدەن.

بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری، دەبێ بەردەوامبین لە خەباتی مەدەنی، بازنەکانی فراوانتر بکەین. خەباتی مەدەنی لە ئەمڕۆی باشوری کوردستان، بەبێ قوربانی ئامانجەکان ناپێکێ. ناکرێ ئازادیخواز و گۆڕانخواز و نەوەی نوێخواز، بێ دەنگی هەڵبژێرن، نابێ لەسوڕی متبوندا بمێننەوە. نابێ ڕێگە بدەن هیوا بمرێ، تا ئاسۆیەکی نوێ دەردەکەوێ. بە دەرکەوتنی ئاسۆ هەزاران ئومێد لەدایك دەبێ. دەسەڵات چۆن دەتوانێ لە بەرامبەر هەبونی ئەم ئیرادەیە خۆی ڕابگرێ؟ ستەمکارانی دەسەڵات چیمان لێ دەکەن؟ چەنێکی ترمان ڕاپێچی زیندان دەکەن و چەنێکی ترمان دەکوژن؟ ڕۆحی ئێمە لە ڕۆحی شەهیدانی حەڤدەی شوبات و شەهیدانی قەڵەم و شەهیدانی ژینگە زیاتر نیە. دایکی ئێمە لە دایکی سورکێو و کاوە گەرمیانی و سۆرانی مامە حەمە زیاتر نیە. باوکی ئێمە لە باوکی ڕێژوان و گەرمیان و بیلال گەورەترنیە.

لە(٢٠١٧/٩/١٦)لە زیندان نوسراوە.

لە ڕۆژنامەی ژیان بلاْوبوەتەوە، ژمارە(٢٥)یەکشەممە(٢٠١٧/١٢/٢٤).

ژینگە و یاسا

ژینگە ئەو دەوروبەرە ژیان بەخشەیە کە مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندە و زیندەوەرەکانی تێدا دەژین، پێکهێنەرەکانی ژینگە لە ئاو و هەوا و خاك پێکهاتووە. مامۆستای نەرویجی(س.ویك)بەمجۆرە پێناسەی ژینگەمان بۆ دەکا دەڵێ: (ئەوبەشەی جیهانە مرۆڤ بەکاری دێنێ و قۆرغی دەکات و کاری تێ دەکات و بۆی دەگونجێ). یاساش بۆڕێکخستنی تاکەکانی کۆمەڵگەیە بە ئاراستەی دروستکردنی هاوسەنگی و پاراستنی مافەکان. پیسبون و شێواندنی ژینگە پێشێلکردنی مافەکانە، دەبێ یاسا ڕۆڵ ببینێ لە دانانی سنور بۆ دەستدرێژییەکان و دروستکردنی هاوسەنگی لەنێوان مرۆڤ و ژینگە.

پرۆسەی پیسبون و شێواندنی ژینگە لە باشوری کوردستان، بە جیاوازییەکی گەورە پێش پرۆسەی پاراستن و گەشەپێدان کەوتوە، ئەمەش زەنگێکی مەترسیدارە، لە داهاتویەکی نزیکدا کاریگەرییەکانی دەردەکەوێ، تاکەکانی کۆمەڵگە بە ژیانیان باجی ئەم پرۆسە هەستیارەدەدەن. هۆکاری پێشکەوتنی ئەم پرۆسە ژیان کوژە، بۆ نەبونی دەقی یاسا ناگەڕێنمەوە، چونکە تاڕادەیەك دەق گەلێکی زۆر و توندیشمان هەیە، وەك یاسا و ڕێنماییەژینگەییەکانی:(یاسای ژمارە٨ی ساڵی٢٠٠٨یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە، یاسایی ژمارە٣ی ساڵی ٢٠١٠یاسای دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە، یاسایی ژمارەی ١٠ی ساڵی ٢٠١٢ یاسای پاراستنی درەختستانەکان. ڕێنمایی سندوقی پاراستن و باشترکردنی ژینگە، ڕێنمایی ژمارە١ی ساڵی٢٠١١سنوردارکردنی ژاوەژاو، ڕێنمایی ژمارە٣ی ساڵی٢٠١١پاراستنی جۆرێتی هەوای چواردەور لە مادە بەربلاو وترسناکەکانی پیسکردنی هەوا، ڕێنمایی ژمارە٩ی

ساڵی٢٠١١ دامەزراندن و بەڕێوبردنی پاراستەی سروشتی، ڕێنمایی ژمارە١ی ساڵی٢٠١٥تایبەت بەهەڵکەندنی بیری ئاو، ڕێنمایی ژمارە١ی ساڵی ٢٠١٥تایبەت بەڕاوکردن و پاراستنی ئاژەڵی کێوی و باڵندەکان). هەبونی ئەم ڕێنمایی و یاساژینگەییانە، نەیتوانیوە ژینگە لە پیسبون و شێواندن بپارێزێ، نەیتوانیوە هاوسەنگی نێوان مرۆڤ و ژینگە ڕابگرێ، چونکە دەقەکانی جێ بەجێ نەکراون!

دەرچواندنی بەشێك لەو یاسا ژینگەییانە، لە سەربنەمای باوەڕنەبووە بەپاراستنی ژینگە، بەڵکوم بۆ ڕازیکردنی دڵی ولاَتانی دەرەوەبووە، بۆئەوەی وانیشان بدەن، باشوری کوردستان پەیڕەوکاری بنەماکانی پاراستنی ژینگەیە. ئەمەش بۆ کرانەوەی باشوری کوردستان دەگەڕێنمەوە بەڕوی ولاَتانی دەرەوە، بەتایبەت لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق، یەکەم یاسای ژینگە لەپەرلەمانی کوردستان دەرچو، یەکەم وەزارەتی ژینگە لە کابینەی پێنجەمی حکومەت دامەزرا. پەلەکردن بە دەرچواندنی یاسا ژینگەییەکانەوە دیارە، کۆمەڵێك مادە و بڕگە هەن، لەگەڵ بارودۆخی ژینگەی باشوری کوردستان ناگونجێن، هەرلەگەڵ دەرچونیان پێویستیان بە هەمووارکردنەوە هەبووە، بە ئێستاشەوە هەموارنەکراونەتەوە! ئەمەش بۆ نەبونی باوەڕی ژینگەپارێزی دەگەڕێنمەوە، لە باوەڕی کەسانی یاسادانەر، کە ئەسڵەن باوەڕیان بەم پرسە هەستیارە نیە. لە بانگەشەی هەڵبژاردنیانەوە، تا دەگاتە خانەنشین بونیان، بەوێستگەی پیسکردنی ژینگەدا تێپەڕبون. ئیدی چۆن دەتوانن پەرلەمانتارێکی دۆستی ژینگە و چاودێرێکی ئازای کەیسە ژینگەییەکان بن؟

نەبونی باوەڕی پاراستنی ژینگە بەتەنها دەسەلآتی یاسادانی نەگرتوەتەوە، دەسەلآتی قەزاشی گرتوەتەوە، باوەڕم وایە زۆربەی دادوەرە زۆر بەڕێزەکان، باوەڕیان بە پرسی ژینگە و جێ بەجێ کردنی دەقی یاسا ژینگەییەکان نیە. "ئەمەش بۆ پەروەردەیان دەگەڕێنمەوە". سەرەڕای هەبونی بەشێك لەو یاسا و ڕێنماییە ژینگەییانە، نەیان توانیوە دادپەروەری بۆ سروشت بەدیبهێنن. نەیان توانیوە و ناتوانن سکاڵا بەرامبەر پاڵاوتگە و کۆمپانیاکانی نەوت بجوڵێنن. ناتوانن خاوەنی کارگەپیسکەرەکان سزابدەن. ناتوانن ڕاوچیە بەرپرسەکان ڕاپێچی دادگا بکەن. بەڵام دادوەرێك دەتوانێ بڕیار لەسەر بڕینەوەی درەخت بدا!! کە بەپێی یاسا بڕینەوەی درەخت قەدەغەکراوە. لە بەرامبەر کوشتنی بزنێکی کێوی بەبڕیاری دادوەر ٢٥,٠٠٠دیناری عێراقی وەك سزا وەرگیراوە، کە بەپێی دەقی یاسا غەرامەکە دەبێ ١٠,٠٠٠,٠٠٠ملیۆن دیناری عێراقی بێ! لە بەرامبەر دەستگیرکردن و سزادانی بەرپرسە ڕاوچیەکان، پارێزەرانی سروشت ڕاپێچی زیندان دەکەن و سزای مادی و مەعنەوییان بەسەردا دەسەپێنن! کام یاسا سەروەرە؟ کام دادوەر دادپەروەرە؟

بۆ جوڵاندنی کەیسەکانی ژینگە پێویستە چەندین گروپی پارێزەری یاسایی خۆبەخش هەبن. دەبێ بەشی یاسا لە فەرمانگەکانی ژینگە، کارابکرێن، بۆ هەردەستدرێژییەکی ژینگەیی سکاڵا تۆماربکەن. بۆجێ بەجێ کردنی دەقی یاسا ژینگەییەکان، دەبێ دادوەرەکان ئازا و ئازادبن، نەترسن و بوێربن. کەسانی خاوەن باوەڕ بە پرسی ژینگە بڕۆنە ناوەندەکانی یاسادانانەوە، ناوەندی چاودێری جێبەجێکردنی یاساکان ڕۆڵی خۆیان بگێڕن. ڕێکخراو و پارێزەرانی ژینگە، پێویستە کاریگەرتر لەمەیدانی ژینگەپارێزیدا کاربکەن، بەئاراستەی دروستکردنی فشاری گەورە لەسەر دەسەلآت، بۆ هەموارکردنی

بەشێك لەو یاسا و ڕێنماییە ژینگەییانە، بۆ جێ بەجێکردنی یاساکان لە پێناو کۆت و بەندکردنی دەستدرێژییەکانی مرۆڤ بۆ سەر ژینگە. بۆبەدیهێنانی دادپەروەری بۆ سروشت.

لە(٢٠١٨/١/٥)نوسراوە.

لە ڕۆژنامەی ژیان بڵاوبوەتەوە، ژمارە(٢٨)یەکشەممە (٢٠١٨/١/٢١).

پەرلەمان هیچە و حکومەتیش پوچ

خودای ئێمە. بەبێ هۆ ئاسمان و زەویەکانی دروست نەکردووە، ژیانی نەبەخشیوە بە ڕووەك و درەختەکان. سەگ و گوێدرێژ و ئاسك و ماری بەبێ هۆ دروست نەکردووە. وەك چۆن مرۆڤ مافی ژیانی هەیە، زیندەوەرانیش مافی ژیانیان هەیە. بۆیە هیچ مرۆڤێك مافی لەناوبردنی دروستکراوەکانی خودای نیە. بۆی نیە لە ناوییان ببا. تێکیان بدا و بیان شێوێنێ. هەر مرۆڤێك سەرپێچی ئەم دەقە بکا دەبێ سزا بدرێ.

لە ڕابردودا لە باشوری کوردستان. دەسەڵات بەناوی حکومەتەوە پاڵپشتی لە مافیاکانی سروشت دەکرد. لە ئەمڕۆدا پەرلەمان بەناوی ئەنجومەنی گەلەوە لە ڕێگەی دەرکردنی یاساوە، پاڵپشتی لە تاوانباران و مافیاکانی سروشت دەکا. بەهۆی پەسەندکردنی یاسای ژمارە(٤)ی ساڵی(٢٠١٧)یاسای لێبوردنی گشتی لەباشوری کوردستان، سەدان کەیسی تۆمەتبار و تاوانبارانی ژینگە بەرلێبوردنی گشتی کەوتووە.

کەیسەکان هەمەجۆرن، ڕەگەزە ژینگەییەکانی ئاو و هەوا و خاك و زیندەواران دەگرێتەوە. بەهۆی نەبونی دامەزراوەیەکی تایبەت بە ئامارە ژینگەییەکان، ئاماری تەواو بەردەست نەبو. بەڵام تەنها لە سنوری پارێزگای سلێمانی، نزیکەی(٣٠٠)دۆسیەی فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی بەرلێبوردنی گشتی کەوتووە. (٣٧)دۆسیەیان تایبەت بون بەناوچەی تانجەرۆ، ئەگەر لەناوچەیەکی کارەستباری، ڕوبەر بچوکی وەك تانجەرۆدا، بەتەنها(٣٧)دۆسیەی ژینگەیی داخرابن، ئەی

لەشارەکانی هەولێر و دهۆك و کەرکوك و هەڵەبجە و گەرمیان و ڕاپەڕین، چەند دۆسیەی تری ژینگە بەرلێبوردی گشتی کەوتووە و داخراوە؟

نمونەی دۆسیە ژینگەییەکان:

- دۆسیەی کارگە و پالاوتگەکانی ناوچەی تانجەرۆ، (٣٧)دۆسیەن کە بون بەهۆی ژەهراوی کردنی ئاوی خواردنەوەی دانیشتوانی دەربەندیخان و خواروی دەربەندیخان، تا دەگاتە شارەکانی تری عێراق. بون بە نەهامەتی بۆ دانیشتوانی ناوچەکەیان.
- گواستنەوەی نەوت لەڕێگەی تەنکەر، هەر تەنکەرێك بەنزیکی٣٦,٠٠٠,٠٠٠هەزار لیتر نەوت هەڵدەگرێ، دەیان تەنکەر وەرگەڕاون، نەوتەکەیان تێکەڵ بە خاك و هەوا و سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوە بوە، هەندێکیشیان ئاگری گرتووە.
- لەوەرزی زاووزێی یەکێك لە ئاژەڵە دەگمەنەکان لەجۆری "ئاسك" کە دو بەچکە لە ناوسکیدا بووە، دایکەکە و دوبەچکەکەی لەلایەن چەند کەسێکەوە دەکوژرێن.
- لەناحیەی گەرمك لە پێنجوین، لەلایەن یەك کەسەوە(١٧٠)درەختی بەتەمەن دەبڕدرێتەوە.

بەهۆی ئەو لێبوردنە گشتیەوە هەمو ئەم دۆسییانە و زیاتر لەم دۆسیانە داخراون. جگە لەو دۆسیە ژینگەییانەی کە لەلایەن پۆلیسی ژینگە و داواکاری گشتی و ڕێکخراوەکانی ژینگە و ناوەندەکانی تری ژینگەپارێزییەوە لە پارێزگا و قەزاکانی تر دۆسیەی لەسەرکراوەتەوە، ئەوانیش هەمویان بەر لێبوردنی گشتی کەوتون.

پارێزەرانی ژینگە لەماوەی سالآنی ڕابردو هەوڵی زۆریاندا، ڕوبەڕوی دەیان هەڕەشە و نارەحەتی بونەوە تا تاوانبارانی سروشت و کەسانی بەدەر لە یاسا ڕوبەڕوی سزای ژینگەیی بکەنەوە. بەلاّم بەبریاری زۆرینەی پەرلەمانتارە نەخوێندەوار و تێنەگەیشتوەکان، سەرجەم هەوڵەکان، بەفیڕۆدران. ئەم بڕیارەی پەرلەمان دژی ئامانجی ڕێکخراوە نێوخۆییە ژینگەییەکانە، دژی پەیماننامە و ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتیەکانە.

وەك چۆن تاوانەکانی(تەزویرکردنی دراو و بازرگانی کردن بەدەرمان و خۆراکی بەسەرچو) یاساکە نایانگرێتەوە دەبو، سەرجەم کەیسەکانی ژینگەش نەگرێتەوە. لەپەرلەمانی ماوە بۆ درێژکراوە دەپرسم، ژەهراوی کردنی سەرچاوەکانی ئاو، تێکدانی ئاسایشی گشتی نیە؟ وێرانکردنی ژینگەی کوردستان بەهۆی دەرهێنان و بردنی سەرچاوە سروشتیەکانی ولاّت، دزینی سامانی گشتی نیە؟ لەفەرهەنگی ئێودا ئاسایشی گشتی و سامانی گشتی مانای چییە؟

ئێمەی مرۆڤ لەسەر زەوی خاوەنی زەوی نین. مافی ڕەهای بەکارهێنانی سەرچاوەسروشتیەکانمان نیە. چونکە چەندین نەوە دوای ئێمە دێنە سەر زەوی و مافیان هەیە ژیان بکەن. دەبێ پەرلەمانتاران لەوە تێبگەن دۆسیەکانی ژینگە بەتەنها پەیوەندی بەو کەسانەوە نیە، کەئێستا نوێنەرایەتیان دەکەن، بەڵکوم پەیوەندی بەژیانی نەوەکانی داهاتومان و مرۆڤایەتیەوە هەیە. بۆیە پەرلەمانتاری نوێنەری حزب، بەناوی ئەنجومەنی گەلەوە مافی ئەوەی نیە یاسا بەناوی لێبوردنی گشتیەوە دەربکا بۆ ئەو جەلادانەی دروستکراوەکانی خودایان کوشتووە. بۆ ئەو مافیایانەی سەرچاوەکانی ئاو و هەوا یان پیسکردووە. بۆئەو تاوانبارانەی خاکیان شێواندووە و تێکیان داوە. بەرزترین

دەسەڵاتی یاسادانان و جێ بەجێ کردن پارێزەری جەلادەکانی سروشتن. بۆیان دەنوسم پەرلەمان هیچە و حکومەتیش پوچ. داواکارم بەر نەفرەتی خودا و گەل بکەون.

لە (٢٠١٨/٤/٨)نوسراوە.

شۆڕشی سپی، لە چی قۆناغێکدایە؟

ڕێکخراوی سروشتی کوردستان، وەك ڕێکخراوێکی کاریگەری ژینگەیی، لە باشوری کوردستان، لە(٢٠١٥/٨/٣١)، #شۆڕشی_سپی(#تورەکەی_ژینگە)هەڵمەتی بەکارهێنانی، تورەکەی قوماشی دۆستی ژینگەی، لەجیاتی کیسەی نایلۆن ڕاگەیاند، لەسەر توانای دارایی ئەندامەکانی و چەند کەسێکی پارەبەخش. ئامانجی ئەم کەمپینە دورکەوتنەوەی دانیشتوانە، لەبەکارهێنانی کیسەی نایلۆن و هاندانیانە بۆ بەکارهێنانی تورەکەی قوماش. بەئامانجی پاراستنی ژینگە و تەندروستی مرۆڤ، پاراستنی ژیانی ئاژەڵ و باڵندە و زیندەوەران. کەمپینی شۆڕشی سپی، بەپێی پلانێکی درێژخایەن، بەچەند قۆناغێك کاری لەسەر کراوە:

**قۆناغی یەکەم:** بلاَوکردنەوە و گەیاندنی پەیامی شۆڕشەکە بووە، بەدانیشتوانی کوردستان. لەڕێگەی تۆڕەکۆمەلاَیەتیەکان و میدیاکانی(بینراو، بیسترا، خوێندراو). بەشێوەی مەیدانی تیمە خۆبەخشەکان، سەردانی شار و شارۆچکەکانی(هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجەی شەهید، سەیدسادق، دەربەندیخان، سیروان، هەڵەبجەی تازە، وارماوا)ی کردووە، بۆگەیاندنی پەیامی شۆڕشەکە و دابەشکردنی تورەکەی قوماش، بەسەر دانیشتوان.

ڕێکخراوی سروشتی کوردستان، پێشنیاری بۆ ڕێکخراو و پارێزەرانی ژینگەکرد، بۆ گەیاندنی پەیامی کەمپینەکە و دروستکردنی تورەکە و دابەشکردنی بەسەر دانیشتوان. هەریەك لە(تۆڕی زەوی.. ماڵمانە)لە سلێمانی و (ڕێکخراوی ئاڤیار بۆ

وشیاری ژینگە)لە هەولێر و (ڕێکخراوی مەنگ)لە زاخۆ و (ڕێکخراوی نیان بۆپاراستنی ژینگە)لە سۆران، پاڵشتییان ڕاگەیاند و چالاکیەکانی بەشی یەکەمی، قۆناغی یەکەمی، کەمپینەکەیان بەسوپاسەوە، دوبارەکردەوە، لە شارەکانیان.

چەندین هونەرمەند و کەسی دیار، پەرلەمانتار لە پەرلەمانی عێراق و کوردستان، لەڕێگەی نوسین و ڤیدیۆوە، پاڵپشتیان بۆ کەمپینەکە ڕاگەیاندن.

دوای پێشوازییەکی گەرم لەلایەن دانیشتوان. بەدەمەوەهاتنی ڕێکخراو و دۆستان و پارێزەران ژینگە. دەنگدانەوەی لە میدیاکان. سەرپەرشتیارانی کەمپینەکە، قۆناغی یەکەمی کەمپینەکەیان، بەکراوەیی هێشتەوە و قۆناغی دوهەمی کەمپینەکەیان دەست پێکرد.

**قۆناغی دوهەم:** ناردنی نامە بۆ سەرجەم پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، بەمەبەستی بەدەستهێنانی پاڵپشتی حکومەتە خۆجێیەکان، بۆ کەمپینەکە. ئەنجامدانی کۆبونەوە، لەگەڵ جێگری پارێزگا و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بەدەستهێنانی پاڵپشتیان، بۆگشتاندنی نوسراوێکی فەرمی، بۆسەرجەم فەرمانگەحکومیەکانی سنورەکەیان، بەمەبەستی هاندانی فەرمانبەرانیان، بۆبەکارهێنانی تورەکەی قوماش. گشتاندنی نوسراوێکی تر لەلایەن پارێزگاوە بۆ سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن، بەمەبەستی وشیارکردنەوەی، قوتابیان، لە زیانەکانی بەکارهێنانی کیسەی نایلۆن و سودەکانی تورەکەی قوماش. لەسەر فەرمانی جێگری پارێزگای سلێمانی، ڕاپۆرتێکی زانستی ئامادەکراو دەربارەی زیانەکانی کیسی نایلۆن و سودەکانی تورەکەی قوماش.

بەدەستهێنانی پاڵپشتی پەرلەمانی کوردستان، بەبلاّوکردنەوەی بەیاننامەیەك لە(٢٠١٥/٩/١٣)کە تیایدا، داوای لە حکومەت کردبوو، هاوکار و پاڵپشتبیّ بۆ سەرخستنی کەمپینەکە، بەدانانی باج، لەسەر کیسەی نایلۆن و دامەزراندنی کارگەی، دروستکردنی تورەکەی قوماش، لەلایەن کۆمپانیاکانەوە. وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژینگە، لەلاپەرەی فەرمی خۆی، لەتۆڕی کۆمەلاّیەتی فیسبوك، پاڵپشتی خۆی بۆ کەمپینەکە ڕاگەیاند. ڕاوێژکارانی جێگری سەرۆکی حکومەت، پاڵپشتیان بۆ کەمپینەکە دەربڕی. لەسەر داواکاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی تەندروستی، بەنوسراوی ژمارە(١٨٤٩٩) لە(٢٠١٥/١٢/٩)ڕێنمایی دەرکرد، بۆ بەکارهێنانی تورەکەی قوماش.

ماوەتەوە لەم قۆناغی دوهەمە، ڕەزامەندی هەریەك لە وەزارەتەکانی(بازرگانی و پیشەسازی، دارایی)وەربگیریّ، بۆ دانانی باج، لەسەر کارگەناوخۆییەکانی، بەرهەمهێنانی کیسەی نایلۆن. زیادکردنی باج لەسەر هاوردەکردنی، کیسەی نایلۆن، لە خاڵەسنورییەکان. ئەم کارەش دواکەوت، بەهۆی ڕێگری کردن، لەچونەوە سەر کاری(وەزیری بازرگانی و پیشەسازی، وەزیری دارایی). دوای بڕینی قۆناغی دوهەم. قۆناغی سێیەم و کۆتایی دەمێنێتەوە و کەمپینەکە، کۆتایی پێدێت.

بیرۆکەی ئەم کەمپینە تایبەتە بە ڕێکخراوی سروشتی کوردستان، هەر ڕێکخراوێکی ناوخۆی کوردستان و دەرەوەی کوردستان، هەرکەس و لایەنێك، بیرۆکە و چالاکیەکانی ئەم کەمپینە، سود لێوەربگریّ، پێویستە ڕاوێژ و ڕەزامەندی ڕێکخراوی سروشتی کوردستان وەربگرێت. لەلایەن هەردو ڕێکخراوی(هیوا فاوندەیشن)لە سلێمانی،

(نیشتیمانی کورد بۆژینگە و پەروەردە)لەهەڵەبجەی شەهید. لەساڵی (٢٠١٧)بەسود بینین، لە بیرۆکە و کارەکانی کەمپینی شۆڕشی سپی، هەمان چالاکییان دوبارەکردەوە، بەبێ ڕاوێژ و ڕەزامەندی، ڕێکخراوی سروشتی کوردستان. ئەمەش ناڕەزایی ڕێکخراوەکەی لێکەوتەوە.

پەیام و کارکردن، بۆسەرکەوتنی کەمپینی شۆڕشی سپی درێژخایەنە، دەستێکی هەیە، بەڵام دیار نیە، کەی سەرکەوتنی شۆڕشەکە، لەلایەن ڕێکخراوی سروشتی کوردستانەوە، ڕادەگەیەنرێ.

نوسراوە لە(٢٠١٨/٥/٥)